

# کوردە لوڕەکان

# قەیرانی شوناس و چارەنووسێکی هەڵواسراو!

نووسینی: وەحید کەماڵی ئیلامی

------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# کورده لوڕەکان، قەیرانی شوناس و چارەنووسێکی هەڵواسراو!

## ناوەڕۆک:


١- واتای وشەی لوڕ

٢- لوڕ کێن‌و ڕەگەزیان چییە؟

٣- پێناسەی کوردی لوڕ و شێوەزاریان

٤- هەشیمەت و ژمارەی کوردی لوڕ

٥- جوگرافیای دانیشتنی کوردەلوڕەکان

٦- کورتەیەک لە مێژووی دەسەڵاتە ڕامیارییەکان لە نێو کوردی لوڕ

٧- ئایین و ئایین زا لە نێو کوردی لوڕ

٨- کورده لوڕەکان و ئێرانچێتی (پان ئێرانیزم)

٩- کورده لوڕ و دەسەڵاتەکانی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی لە ئێران

١٠- کوردی لوڕ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد

١١- کوردی لوڕ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٢- بۆچوون و پێناسەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی لوڕ لە بواری شوناسی نەتەوەیی

١٣- دەرفەت و پرسیارەکان

١٤- پێشنیارەکان

# کوردە لوڕەکان، قەیرانی شوناس و چارەنووسێکی هەڵواسراو!

هەرچەندە بابەتی ناسیونالیزم و چەمکی دەوڵەت - نەتەوە بە واتای مودێرنی خۆی لەسەردەمی پاڵەوی یەکەم پێناسە کرا لە ئێران و زمان و شوناسی بە فارس بوون بە فەرمی و بە شێوازی سیستەماتی سەپێندرا بەسەر هەموو گەلانی ناوخۆی ئێران بەڵام جیاوازییەک هەبوو لەنێوان پێکهاتەی کوردە لوڕەکان لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران بە نیسبەت ئەم مەسەلەیە.

## پێشەکی

بابەتی کوردە لوڕەکان یەکێکە لە کێشە هەڵواسراوە ستراتیژییەکانی مێژوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە بە داخەوە سەرەرای هەبوونی زۆر پەرتووک و نووسراوەو لێکۆڵینی جۆراجۆر لەم بوارەدا و هەوڵ و تێکوشانی ماندوونەناسانەی زۆر کەسی دڵسوزی نەتەوەی کورد، هێشتا دەرەنجامی دڵخوازی لێنەکەوتووەو کوردەلوڕەکان وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لەنەتەوەی کورد چی لەبواری دیموگرافی و چی لە بواری جوگرافی نەیانتوانیوە خۆیان لە چوارچێوەی قەبارەی رامیاری - نەتەوەیی - جوگرافی کورد و کوردستان ببیننەوەو ئەنتیگرەی ببن چی لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عیراقی فدراڵ و چی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران و ئەم بابەتە خەسارێکی زۆری گەیاندووتە کوردی لوڕ بە تایبەتی وەکو بەشێکی زۆر و بەرچاو لەنەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و کوردستان بە گشتی.

بە دابڕان و دوورکەتنەوەی کوردەلوڕەکان لە قەبارەی رامیاری نەتەوەیی کوردو کوردستان، کوردە لوڕەکان نە توانیان خۆیان وەکو نەتەوەو وڵاتێکی جیاوازو سەربەخۆ پێناسە بکەن و نەیشە توانیان خۆیان ببیننەوە لە نێو شوناس و هوییەتی نەتەوەکانی چواردەوریان وەک عەرەب و فارس و بەلوچ و بە بەردەوامی مێژووی دەسەڵاتە سیاسیەکانی وڵاتانی عیراق و ئێران و تورکیا بە تایبەت لەدوای سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان تاوەکو ئێستا کوردە لوڕەکان و هێز و پوتانسییەلی مرۆڤی و کۆمەڵایەتیان بەکرێ گیراوەو بەکارهاتووە وەکو ئامێر و سەرباز و لەشکەر دژ بە وڵاتان و دەسەڵاتی رکابەر و دراوسێ تەنانەت بگرە لەدژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەردوو وڵاتی ئێران و عیراق و بەم شێوەیە کوردە لوڕەکان هیچکات یان نەیانتوانیوە یان دەرفەتی ئەوەیان پێنەدراوە کە بیر لە ڕاستەقینەی شوناس و عرقی نەتەوەیی خویان بکەن.

كورده لوڕەكـان وەكـو بەشێكی گەوره لە پێكهـاتەی كۆمەڵگەی كوردەواریو دانیشتوانی زنجیره چیـای درێـژو پـانو بەرینـی زاگـرۆس، هەر لە سـەرەتـای دەسـتپێكردنی ژیـانو مێـژووی نووسـراوی شارسـتانییەت لە داوێنـی شـاخو داخەكـانو دەشـتو دۆڵەكانی ئەم جوگرافیایە ژیاونو بە پاراستنی زەویو كولتورو زمانەكەیـان و...هتد، ڕۆڵێكی یەكجار بەرچاویـان هەیە لە هەموو بوارەكاندا نەک تەنهـا لە ناوچەكـانی دێرینـی نیشتەجێبوونی خۆیـان، بگره لە زۆر ڕووداوو پێشهاتی كۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری، سەربازی، كولتوریو هتد، كە لە نێوان دەوڵەتو نەتەوه دراوسێكانی ڕوویـداوه. كورده لوڕەكـان لە زۆر بواردا بنەڕەتیترینو سەرەكیترین بەردی بنـاغەی شارستانییەتو پێشكەوتنە مرۆڤایەتیەكانیـان دانـاوه لە ئاسیای نـاوینو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەو ئاسـەوارانەی كە لە نـاوچە لوڕنشـینەكاندا دۆزراونەتەوه نیشـاندەری ئەوەن كە بەر لە (٨٠ - ١٠٠) هەزار سـاڵ پـێش زایین مرۆڤ لەم ناوچانە ژیانی بەسـەر بـردووەو مێژووی شارستانییەتو شارنشینی لە نـاوچە لوڕنشینەكان بە گوێرەی زۆر لێكۆڵینەوەی زانستیو ئەكادیمیو مەیدانیو پەیدابوونی زۆر ئاسەواری كۆن دەگەڕێتەوه بـۆ دوانـزه (١٢٠٠٠) هەزار ساڵ بەر لە زایین، ئەمە ئەو زانیـاریو مێـژووەیە كە تـا ئێسـتا بە دەست كەوتـووەو هیچ دوور نییە كە لە داهـاتوودا لە ئەنجـامی لێكۆڵینەوەكانو پەیدابوونی ئاسەوارو نیشانەی دیكە ئەم مێژوویە بگەڕێتەوه بۆ دواتر.

سـەرەڕای ئەو هەموو بە سـەرهاتو ئـاڵوگۆڕانەی كە بە درێژایی چەنـدین هەزار سـاڵ بە سـەر ئەم بەشـە لە نەتەوەی كـورد هاتووەو هەر چەنده تەنانەت زمانو زاراوەی كوردی لوڕی نەهاتووەتە سـەر ڕێزمـانوڕێنوس و دابو نەریتو كولتورو ئەدەبو مۆسیقاو زاراوەو زمـانی كـورده لـوڕه كـان هێشـتا بە شـێوازێكی زارەكی مـاوەتەوه، بەڵام پێكهـاتەی كۆمەڵگـای كـوردی لـوڕ ئەوەنده كۆنو ڕیشەدارو قایمە، كە تـا ئێسـتاش زۆرینـەی تایبەتمەنـدیە ڕەسـەنەكانی خـۆی بە باشـیو خـاوێنی پاراسـتووەو هەوڵدانی نەیارانی نەتەوەی كورد بۆ تواندنەوەی كورده لوڕەكان لە نێو خۆیان نەیتوانیوه بگات بە ئەنجام.

**بۆ ڕۆشنایی زیاتری خوێنەری ئەم بابەتە لەگەڵ فاكتەرەكانی پێناسەو پێكهـاتەی كوردەلوڕەكـان ،نـاوەڕۆكی ئەم بـابەتە بە شێوازی خوارەوه پۆلێن دەكرێت:**

١- واتـای وشەی لوڕ

٢- لوڕ كێنو ڕەگەزیان چییە؟

٣- پێناسەی كوردی لوڕ و شێوەزاریان

٤- هەشیمەت و ژمارەی كوردی لوڕ

٥- جوگرافیای دانیشتنی کوردەلوڕەکان
٦- کورتەیەک لە مێژووی دەسەڵاتە ڕامیارییەکان لە نێو کوردی لوڕ
٧- ئایین و ئایین زا لە نێو کوردی لوڕ
٨- کوردە لوڕەکان و ئێرانچێتی (پان ئێرانیزم)
٩- کوردە لوڕ و دەسەڵاتەکانی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی لە ئێران
١٠- کوردی لوڕ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد
١١- کوردی لوڕ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٢- بۆچوون و پێناسەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی لوڕ لە بواری شوناسی نەتەوەیی
١٣- دەرفەت و پرسیارەکان
١٤- پیشنیارەکان
کوتایی

## ١- واتای وشەی لوڕ

سەبارەت بە واتای وشەی "لوڕ" یان "لوێڕ" یان "لێڕ" چەند بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر لە ئارادایە، ئەم وشەیە لە هەندێ لە ناوچە لوڕنشینەکان بەو جێگایانە دەگوترێت کە دارستانی چڕوپڕیان هەیە، لە بەر ئەوە هەندێ کەس لەو بڕوایەدان چونکە زۆرینەی ناوچە لوڕنشینەکان شاخاویو دارستانین، بۆیە ناوی لوڕو لوڕستانیان بەسەردا براوە، میر شەرەفخانی بەدلیسی مێژوونووسی بە ناوبانگی کورد کە لە قۆناغێک لە سەردەمی سەفەوییەکان لە بارەگای شا تەهماسبی سەفەویی کاروباری ناوچە کوردو لوڕنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکانی پێ سپێردرابوو لە پەرتوکی شەرەفنامە جگە لەوەی کە لە لوڕەکان وەکو یەکێک لە هۆزە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد نێودەبات لە سەر ئەو بڕوایەدایە کە ئەم بەشە لە نەتەوەی کورد بۆیە ناوی لوڕیان بە سەردا دابڕاوە کە لە مەڵبەندی "مانرۆود" (ناوچەیەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە نزیکەی کەنداوی هورموز) گوندیک هەیە بە نێوی کوردەو لە نزیکی ئەو گوندە دەربەندێک هەیە کە بە زاراوە ی لوڕی پێ دەڵێن "کوول"، لە نێو ئەم دەربەندەش شوێنێک هەیە کە نێوی "لوڕ" ەو لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەکی هۆزو خێڵە کوردە لوڕەکان لە سەرەتا دانیشتوی ئەو شوێنە بوونە بۆیە ناوی خۆیانیان ناوە بە "لوڕ".

لە لایەکی دیکەوە لە باکووری شاری لوڕنشینی ئەندیمشک کە ئێستا دەکەوێتە پارێزگای خوزستانی ئێران شارێکی کۆنو ڕوخاو هەیە بە نێوی "لوڕ" کە ئاسەواری چەندین ئیمپراتۆرییەتو دەسەڵات، وەکو، مادەکان، پارتەکان، ساسانییەکان،

ئەشكانیەكانو سەرەتاكانی سەردەمی ئیسلامییەت تیایدا دۆزراوتەوەو هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە كە ئەم شارە كەوتووەتە بەر شاڵاوو هێرشی مەغۆلەكانو لەنێو چووە، جا لە بەر ئەوەی ئەم شارە جێگای باوك و باپیرانی كوردە لوڕەكان بووە ناوی لوڕو لوڕستانیش لەوەوە دێت. هەندێ بیرو باوەڕی تریش هەیە كە لە بەر ئەوەی لە ڕاستیدا نزیك نینو هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنیان لە ئارادا نیە ئاماژەیان پێ ناكەین.

## ٢- لوڕ كێنو ڕەگەزیان چییە؟

لە چوار چێوەیەكی گشتی وەكو هەموو نەتەوە ئاریو ئێرانییەكان بێگومان لوڕەكانیش بەشێكن لە ڕەگەزە ڕەسەنەكان كە تەنانەت بەرلە نووسینی یەكەم لاپەڕەكانی مێژووش نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوونو بە هەزاران ساڵە تیایدا دەژین.دوكتور نێگەهبان كە یەكێكە لە پسپۆڕە دێرین ناسەكانی ئێرانو بەساڵان لێكۆڵینەوەو لێگەڕینی كردووە لە تەپەو گردەكانی چغازەنبیل، چغامێشو هەفت تەپە، دەڵێت كوردە لوڕەكان هەمان ئیلامییەكانن، كە بە لانیكەم شەش هەزار ساڵ مێژوویان هەیە لەم ناوچانە. دیترامانی فەرەنسی و هوتوم شیندلەر لە سەر ئەو باوەڕەدان كوردە لوڕەكان هەمان "گووتییەكانو لۆلۆبییەكان"ن كە لە دانیشتوانی دێرینو زۆر كۆنی زنجیرە چیای زاگرۆس بوون.

هەندێكی دیكە لە مێژوونووسانو پسپۆڕانی مێژووناس ڕەچەڵەكی كوردە لوڕەكان دەگەڕێننەوە بۆ "كاسییەكان" كە لە گەڵ گەلانی دیكە یەكێتی سێ لایەنەیان لە ڕۆژئاوای ئێران پێكهێنا لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی مادو لە كۆتاییدا مادەكان لە ساڵی (٦١٢)ی بەر لە زایین دەوڵەتی ئاشووریان بە تەواوەتی شكستداو شاری نەینەوایان داگیر كرد. دەربارەی ڕەگەزی ڕەسەنی كاسییەكانیش بیروڕای جیاواز هەیەو هەندێ پیانوایە كاسییەكان "ئارین"و هەندێكی دیكەش دەڵێن "ئازیانین" و بەر لە ئارییەكان و مادەكان نیشتەجێی زاگرۆس ببوون.

## ٣- پێناسەی كوردی لوڕ و شێوەزاریان

لە بەر ئەوەی زاراوەو زمانی كوردە لوڕە كان بە شێوەیەكی زانستیانە ئیشی ڕێزمانیو لێكۆڵینەوەی لە سەر نەكراوەو تا ئێستاش كوردە لوڕەكان بە تایبەتی ئەوانەی كە نیشتەجێی ناوچە لوڕ نشینەكان لە ڕوژهە لاتی كوردستانن ڕێزمانێكیان نییە بۆ نووسینی زمانەكەیان، زۆر لایەن وەكو فارسەكانو توركە ئازەرییەكان هەوڵیانداوە تاكو كوردە لوڕەكانو شێوە زاری كوردی لوڕی وەكو بەش یان لقێك لە نەتەوەو زمانەكانی خۆیان لە قەڵەم بدەن، یان بۆ ئەوەی جیاوازی بخەنە نێوان پیكهاتە كانی نە تە وە ی كورد، زاراوەی كوردی لوڕییان بە زمانێكی جیاواز لە زمانی كوردی پێناسە كردووەو چەندین تیۆری دوورو درێژو بەڵگەی ساختەشیان بۆ تاشیوە.

ئەوەی كە شێوە زاری لوڕی بەشێكی جیایی هەڵنەگرە لە باقی شێوە زارەكانی زمانی كوردی لە لایەن زۆر كەسایەتی پایەبەرز و زمانناسو لێكوڵەرو دەیان پسپۆڕو شارەزا لە بواری زماندا پشتڕاست كراوەتەوە، ئەگەر پسپۆڕانی زمانناسو نەتەوەناس ئەو دەرفەتەیان ببوایە كە لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی و زانستی وپراكتیكیان كردبا لە سەر شێوە زارەكانی زمانی كوردی لە هەر چوار پارچەی كوردستان بە گشتیو ناوچە لوڕ نشینەكان بە تایبەتی بیگومان هیچ دوو دڵییەكی نەدەما لەوەی كە نەک تەنها شێوەزاری لوڕی، بەڵكو دابو نەریتو كولتورو زۆرینەی فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای كوردی لوڕ لەگەڵ باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كورد وەكو یەكنو مێژوویەكی هاوبەشو دێرینیان هەیە. زۆربەی پسپۆڕانی زمانناس شێوەزارەكانی زمانی كوردیان بەمشێوەیە پۆلێن كردوتەوە.

- كرمانجی ژووروو
- كرمانجی ناوەڕاست
- كرمانجی خواروو
- گۆرانی

كە هەر كام لەم شێوە زارانەش بە گوێرەی ئەو دیمۆگرافیاو جوگرافیایەی كە بە كاری دێنن چەندین لقی جۆراجۆریان هەیە كە ئەمەش نەک جیاوازی نییە، بەڵكو دەوڵەمەندی زمانو شێوە زارەكانی كوردی پیشان دەدات. زاراوەی لوڕیش دەچێتە چوارچێوەی شێوە زاری كرمانجی خواروو كە بۆ خۆیشی چەندین شێوە زاری جۆربەجۆری هەیە وەكو زاراوەی خۆرماوایی (خورەم ئابادی)، بەختیاری، بویرئەحمەدی، مامەسەنی (مەمەسەنی)، كێوە گێلو، زاراوەی دزپێلی (دزفولی)و ئەندیمشكی، زاراوەكانی بوشەهریو هورموزیانی، دەشتستانیو تەنگستانی، بەردستانی، شوانكارەو... هتد كە زۆرینەیان زۆر لە یەک نزیكنو بە باشی لە یەكتر تێدەگەنو هەروەها هەزاران وشەی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ شێوە زارەكانی دیكەی زمانی كوردی.

## ٤- هەشیمەت و ژمارەی كوردی لوڕ

بە هۆی ئەوەی كە هەتا ئێستا سەرژمێرییە كی ڕاستەقینەو زانستیانەو مەیدانی لەسەر ژمارە ی كوردی لوڕ نەكراوەو هیچ ئۆرگان یان ڕێكخراوێكی فەرمی ئەم ئیشەی نەكردووە، بۆیە ئامارێكی ڕاستەقینە وباوەڕ پێكراو لەم بوارە دا لە بەردەست نییە، بەڵام بە گوێرەی ئەو ئامارانەی كە دەوڵەتانی ئێران وعێراق سەبارەت بە دانیشتوانی پارێزگاكانیان دەریان خستووە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی ئەو كوردە لوڕانەی كە لە پارێزگا غەیرە لوڕەكاندا دەژین(مەبەست ئە پارێزگایانەیە كە بە گوێرەی نەقشەی فەرمی سنووری پارێزگاكان بەشێكی زۆر لە كوردە لوڕەكانو ناوچە لوڕنشینەكانیان لە جەماوەرو

ناوچەکانی خۆیاندا دابڕیوە)، ژمارەی سەرجەم کوردە لوڕەکان لە وڵاتی پارچەکراوی کوردستان و ناوچەکانی دیکە زیاتر لە "دە ملیۆن" کەسە کە زۆربەیان دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

### ٥- جوگرافیای دانیشتنی کوردەلوڕەکان

زۆرینەی ئەو شوێنانەی کە کوردە لوڕەکان تیایدا نیشتەجێن هەڵکەوتوتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ولاتی ئیرانن و ژمارەیەکی زۆریش لە کوردە لوڕەکان دانیشتوی باشووری کوردستانو وڵاتی عێراقن.

لە وڵاتی ئێران نزیکەی ٧ پارێزگا بە تەواوەتی بە جەماوەرو جوگرافیای سرۆشتی و ڕامیارییەوە ژینگەی مێژوویی و هاوچەرخی کوردە لوڕەکانە کە ئەمانەن:

* لوڕستان یان خۆرماوا (خوڕەم ئاباد).
* چهار مەحاڵ و بەختیاری.
* کۆهگیلویەو بویر ئەحمەد.
* پارێزگای شیراز کە ئێستا بە فارس دەناسرێت.
* مەرکەزی (ئەراک).
* بوشەهر.
* هورموزیان (هورموزگان).

جگە لەمە کوردە لوڕەکان و ناوچە لوڕنشینەکان بەشێکی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی ئەم پارێزگایانە پێکدێنن واتە پارێزگاکانی:

* کرماشان.
* ئیلام.
* هەمەدان.
* ئیسفەهان.
* باشووری کرمان.

❊ باکووری خوزستان.

له باشووری کوردستان و وڵاتی عێراق کورده لوڕەکان دانیشتووی ئەم پارێزگایانەن:

❊ هەولێر.
❊ کەرکوک.
❊ سلێمانی.
❊ دیاله.
❊ صلاح الدین.
❊ واست.
❊ میسان.

واته له شارو شارۆچکەکان و دەشتەکانی وەکو:

❊ چەمچەماڵ
❊ خانەقین
❊ دووزخورماتو.
❊ جەلەولا.
❊ دەشتی هەولێر.
❊ دەشتی کۆیە.
❊ شارەزوور.
❊ دەشتی بیتوێن.
❊ مەنەلی (مەندەلی).
❊ جەسان.
❊ ترساق.
❊ هەشیمە.
❊ زرواتیە.

* بایرای(بەدرە).
* عەلی غەربی.
* عەلی شەرقی.
* باغسای.
* کووت و...هتد.

جیاواز لەمانە ژمارەیەکی زۆر لە کوردە لوڕەکان لە دەرەوەی جوگرافیا وناوچەکانی خۆیان دەژین، بۆ وێنە بەشێکی زۆر لە کوردە لوڕەکان لە باکووری ئێران لە پارێزگاکانی گیلانو مازەندەران، لە باکووری خۆرهەڵسان (خوراسان)، قەزوین، زەنجان و ناوچەی ساپین قەلای پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا دەژین کە زۆرتر لە خێڵەکانی "چگنی"، "پاپی"، "بەیرانوەند"و "چاردۆلی (چەرداولی)ن. بەشێکی دیکە لە کوردە لوڕەکان کە لە خێڵی مامەسەنی (مەمەسەنی) ناوچەی نوورئابادی شیرازن کەوتوونەتە پارێزگای سیستان وبەلووچەستان. لە وڵاتی عێراقیش جگە لەو کوردە لوڕانەی کە دانیشتوی ناوچەکانی باشووری کوردستانو لێواری سنووری عێراقو ئێرانن هەتا پارێزگای میسان، ژمارەیەکی زۆر لە کوردە لوڕەکان (کە هەندێ لە سەرچاوەکان ژمارەیان بە زیاتر لە یە ک ملیون دەزانن) دانیشتوی شارە گەورەکانی عێراقن وەکو بەغدا کە بە "کوردی لوڕ" یان "کوردی فەیلی" ناسراون.

گرووپێکی دیکە لە کوردە لوڕەکان دانیشتوی وڵاتی تورکیاو باکووری کوردستانن کە لە باشووری کوردستانەوە کۆچبەر کراون بۆ ئەو وڵاتە، وەکو خێڵی "شێخ بزەینی" کە بەشێکیان لە ناوچەی "هایمانا" لە پارێزگای ئەنقەرە (ئانکارا) دەژین. بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەی نافەرمی ژمارەیەک لە کوردە لوڕەکان لە چوارچێوەی خێڵ وعەشیرەت کە ڕەنگە ژمارەیان بگات بە ٥٠٠٠٠ کەس دانیشتوی وڵاتی ئیسرائیلنو مێژوویێکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.بەشێکی دیکە لە کوردە لوڕەکان دانیشتوی رەسەنی وڵاتانی لوبنان، سوریا، (بەرزاییەکانی گوڵان یان جولان)، کوەیت، بەحرێن و رۆژئاوای پاکستانن.

### ٦- کورتەیەک لە مێژووی دەسەڵاتە ڕامیارییەکان لە نێو کوردی لوڕ

تەمەنی ڕامیاری کۆمەڵگای کوردی لوڕ مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو کوردە لوڕەکان لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ڕامیاری - کۆمەڵایەتی ئێران و عێراق و ناوچەکە هەر لە کۆنەوە بگرە تا ئێستا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە. هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئیلام و مادەکان و دەوڵەتانی هەخامەنێشی، ئەشکانی، ساسانی، ئەفشاری و زەندییەکانەوە هەتا دەگاتە سەفەوییەکان، عوسمانییەکان، قەجەرەکان، پالەوییەکان و عێراق و ئێرانی ئێستا، کوردی لوڕ لە هاوکێشە ڕامیاری و

کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆی بینیوە. هەندێ جار خاوەن دەسەڵات و دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بوونە و هەندێ جاریش بە یارمەتی و هاوبەشی و یەکێتی لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچە کە بە شێوازێکی هاوبەش دەسەڵاتیان بەڕێوەبردووەو.

لە سەرچاوە مێژووییەکاندا زۆر بابەت وئاماژە هەیە سەبارەت بە بەشداریو دەسەڵاتداریتی کوردە لوڕە کان بە تایبەت لە ئێرانو کاریگەریان لەسەر هاوکێشە رامیاری، ئابووری، سەربازی وکۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەدا.

کوردە لوڕەکان چەندین فەرمانڕەوایی و دەوڵەتی تایبەت بە خۆیانیان بووە کە گرینگترینیان ئەمانەن:

- دەوڵەتی کاسییەکان کە دواتر لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکە ئیمپراتوریەتی ئیلام و مادیان دامەزراند.
- دەوڵەتی ساسانییەکان کە کوردە لوڕە کان  بەشێکی زۆر لەم دەسەڵاتەیان بە دەستەوە بوو.
- دەوڵەتی هەزار ئەسپ کە فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆ و خاوەن دەستورو دەسەڵاتێکی دادپەڕوەرو بێ وێنە بووە لە ناوچەکەدا.
- فەرمانڕەوایی دینەوەرو شارەزوور کە بە "حەسنەوییە" بەناوبانگ بوون.
- فەرمانڕەوایی فەزلوویيەکان کە بە "لوڕی گەورە" ناسراون.
- فەرمانڕەوایی ئەتابەکانی لوڕی بچووک کە وەکو دەوڵەت دەسەڵاتداریتیان کردووە.

- دەوڵەتی زەند (زەندییەکان) بە ڕێبەرایەتی کەریم خانی زەند کە لە خێڵی زەندی ناوچەی ملە ئایر (مەلایر - ملە ئاگر)ی لوڕستان بووە.
- فەرمانڕەوایی والییەکانی "پشتکۆ"و "پێشکۆ" کە زیاتر لە سێسەد ساڵ دەسەڵاتداریتیان کردووە.
- چەندین فەرمانڕەوایی دیکە وەکو:
  - ❊ فەرمانڕەوایی زەنگی،
  - ❊ فەرمانڕەوایی ئەرتقی،
  - ❊ فەرمانڕەوایی شائەرمەن و...هتد، کە بە هەزاران ساڵ یەک لە دوای یەک دەسەڵاتداریتیان کردووە.

لە ساڵی ١٩٢٨ی ز، دوایین دەسەڵاتداریتی ناوچەیی کوردە لوڕەکان بە فەرمانڕەوایی "غولام ڕەزاخانی ئەبووقەدارە" کە لە ناوچەی پشتکۆ (پارێزگای ئیلامی ئێستا) ببوو، لە لایەن ڕەزاشای پالەوییەوە بە بێ شەڕو پێکدادان لە نێو چوو و بە

ڕۆیشتنی غولام ڕەزاخان بۆ ولاتی عێراق، دەسەڵاتدارێتی خۆجێیی كورده لوڕەكان كۆتایی پێهات.

كورده لوڕەكان له مێژووی ڕامیاری وتێكۆشانی ئازادیخوازانەیان بەرانبەر بە داگیركەرانی دەرەوەو ناوەوە له سەرەتای سەدەی بیستەمە وەو بە دامەزرانی دەسەڵاتە داگیركەرە ناوەندییەكاندا هەتا ئێستا خاوەن چەندین شۆرش‌و بزوتنەوەی بە نرخ وكەسایەتی گەورەو بەناوبانگن، جگە لەو كەسایەتییانەی كە ڕۆڵی پاشایەتیان گێڕاوە له مێژووی كۆنی ئەم بەشە لە نەتەوەی كورد، بۆ وێنە: هورموز (سەركردەی سوپای ئێرانییەكان لە كاتی ساسانییەكان‌و شەڕ لەگەڵ عەرەبەكان)، كەریم خانی زەندو ...هتد. لە سەدەی ڕابردووش زۆر كەسایەتی بەناوبانگو خوڵقێنەری مێژووی خەباتی ئازادیخوازیان بووە كە لە چارەنووسی هاوكێشەكانی ڕامیاری نێوخۆی ئێران‌و عێراق كاریگەر بوونەو ڕۆڵی یەك لاكەرەوەیان بینیوە، بۆ وێنە دەكرێ لە: بزوتنەوەی گەورەی سەردار ئەسعەدی بەختیاری لە كاتی مەشرۆتەخوازی لە ئێران - سەرهەڵدانی دلێرانی تەنگستان بە سەركردایەتی ڕەییس عەلی دلواری لە دژی بریتانییەكان و پرتە غالییەكان - شۆڕش و بەرخۆدانی قەیەم خەیر (قەدەم خەیر)و براكانی دژ بە سوپای ڕەزاخان و بریتانییەكان - بزوتنەوەی بی بی مەریەمی بەختیاری دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی لە سەردەمی پالەوی - شۆڕشی كەی لوراسبی باتوولی بویر ئەحمەدی دژبە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران - بزوتنەوەی مەلاغولام حسێنی سیاەپووری بویر ئەحمەدی دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران‌و تەنانەت بزوتنەوەی ئیسماعیل خانی سەولەت ئەلدولەی قەشقایی كە بە یارمەتی‌و پشتگری كورده لوڕەكان دژبە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران پێكهات‌و كەسانێك وەكو تەوفیق وەهبی بەگ لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدو ڕەفیق حلمی سەركردەی حیزبی هیوای كوردستان لە باشووری كوردستان وعێراق نێو ببردرێت. زۆر كەسایەتی‌و جوڵانەوەی دیكەش لە مێژووی كورده لوڕەكاندا هەیە كە لەم كورتەیە دەرفەتی ئاماژە پێدانیان نابێت.

### ٧- ئایین و ئایین زا لە نێو كوردی لوڕ

سەرەرای ئەوەی كە كۆمەڵگای كوردەلوڕەكان و جوگرافیای دانیشتنیان ناوەندی لەدایك بوونی ئایینی كوردی "یاری"ە و كورده لوڕەكان هەتاكو دەركەوتنی ئایینی ئیسلام باوەریان بە ئایینی یاری و زەردەشتی و ئایینەكانی دیكەی ئەو سەردەمە بووە وەك میترایی، مەزدەكی، مانەوی و...هتد، بەڵام لە دوای دەركەوتنی ئیسلام، كورده لوڕەكان ئایینی ئیسلامیان وەرگرتو ئێستا زۆرینەی پێكهاتەی كوردی لوڕ موسڵمانن و لە سەر ئایینزاكانی شیعەو سوننەن. كورده لوڕەكان بە تایبە ت لە دوای دامەزرانی دەسەڵاتی سەفەوییەكان لە ئێران هەر وەكو نەتەوەكانی دیكە، یان بە زەبری شمشێر، یان لە پێناوی بەرژەوەندی‌و مانەوە ئایینزای شیعەیان وەرگرتو بەشێك لە كورده لوڕەكان كە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكان مابوون لە

سەر ئاییینزای سوننە مانەوە، بەڵام ئێستا نزیكەی لە سەددا هەشتای (٨٠%) كوردە لوڕەكان لە سەر ئاییینزای شیعەن. بەشێكی دیكە ی كوردە لوڕەكان هێشتا لە سەر ئایینەكانی دیكە وەكو یارسانو بەهاییو جوولەكەو ماونەتەوە.

## ٨- كوردە لوڕەكان و ئێرانچێتی (پان ئێرانیزم)

جوگرافیای دانیشتنی كوردە لوڕەكان و هەڵكەوتی ستراتیژی دیموگرافیای كوردی لوڕ لە ئێران وای لێكردوون كە كوردە لوڕەكان تەنانەت بە بێ ویستی خۆیانیش بێت ناچار بن بەشداری بكەن لە هاوكێشەكانی لانیكەم بەشی ناوەند و بەشی باشوور و بگرە لە ڕۆژئاوای ئێران واتە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و ئەگەر چاوێك بخشێندرێت بە مێژووی ڕامیاری - كۆمەڵایەتی ئێران لەسەردەمی كۆنەوە هەتاكو ئێستا بە باشی ڕۆڵی كاریگەر و حاشاهەڵنەگری كوردە لوڕەكان دەبیندرێت لە هاوكێشە ڕامیارییەكان و ململانییە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی ئێران.

كوردە لوڕەكان بەتایبەت لە سەدەمی هێرشی ڕومییەكان بۆ خاكی ئێران، هێرشی عەرەب و فراوان خوازی پەیرەوانی ئایینی ئیسلام لە ناوچەكە و لە ئێران، هێرشی مەغولەكان بۆسەر ئێران، ململانییەكانی نێوان دەسەڵاتەكانی سەفەوی و عوسمانی، هێرشی وڵاتانی پورتەقال و بریتانییەكان بۆ داگیركردنی باشووری ئێران و چەندین ڕووداو و شەڕی دیكە نێوان ئێران و وڵاتانی دراوسێ وەک: هێرشی ڕژێمی بەعس و...هتد، هەموو كات وەک قەڵغانێكی مرۆیی و سەربازی پارێزگاریان كردووە لە خاكی ئێران بە گشتی و ناوچەكانی دانیشتنی خۆیان بە تایبەتی. ئەمە لە ئاست وڵاتانی دراوسێ و هێرشی دەرەكی و لە ئاستی ناخۆیی ئێران و هێرشی دەسەڵاتە ناوەندییەكان بۆسەر ناوچەكانیان بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەكان هەتا سەردەمی دەسەڵاتی پاڵەوی یەكەم (رەزاخانی میرپێنج )لە ئێران هەموو كات خۆڕاگریان كردووە لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەند و ئەم بابەتە لە بەرچاوترین ڕووداوەكانی ناوخۆیی ئێرانە لە مێژووی ڕامیاری - سەربازی سەردەمی سەفەوییەكان، قەجەرەكان و هەتا پاڵەوییەكان.

كوردە لوڕەكان بەدرێژایی مێژوو نەک تەنها خۆیان بەرپرسیار دیوە لەبەرانبەر پاراستنی هەموو خاكی ئێران لە بەرانبەر هێرشەكانی دەرەوە بەڵكو هەمووكات دەستێوەردانیان كردووە لە چوونییەتی و چەشن و پێناسەی دەسەڵاتی ناوەندی كەبەسەر هەموو گەلانی ئێران حوكمی كردووە.بەرچاوترین وێنە بۆ ئەم مەسەلەیەش داگیركردنی تاران لەلایەن سوپای لوڕەكان بە سەركردایەتی سەردار ئەسعەدی بەختیارییەلە سەردەمی مەشرووتە خوازی لە ئێران، هەرچەندە نەتەوەكانی دیكەی ئێران وەک توركی ئازەریش بەشدار ببوون لەو ڕووداوە بەڵام كوردە لوڕەكان سەرەكی و تەواوكەری داگیركردنی تاران بوون.

بۆیه لەنێو كورده لوڕەكان و كۆمەڵگای لوڕ و ڕوناكبیرانی لوڕ دەمارگرژییەكی بەهێز هەیه به نیسبەت مەسەلەی ئێران و پاراستنی كیانی ئێرانی بوون و جوگرافیای ئێران و زۆرینەی ئەو تیوریسییەنانەی كەچەمكی ئێرانچێتی و پان ئێرانیزمیان پێناسه كردووه و تەنانەت له كاتی ئێستاش ئاڵاهەڵگری ئەم چەمكەن له نێو كورده لوڕەكان سەریان هەڵداوەو دەسەڵاته ناوچەییەكانی كوردی لوڕ وەكو؛ ئەتابەكه لوڕەكان و والییەكانی لوڕ و...هتد، هیچكات ئارەزووی دابڕان له ئێران یان دامەزراندنی وڵاتێكی سەربەخۆیان لا نەبووەو ڕەوا بوون و خۆیان و دەسەڵاته خۆجێییەكانیان گرێداوه به پاراستنی جوگرافیای گشتی ئێران و دەسەڵاتی ناوەندی له ئێران .

ئەم چەمكه له نێو زۆرینەی بەرهەم و ڕوانگەی بەشێكی زۆر له توێژ و چین و بیرمەندانی كومەڵگای كورده لوڕەكان به بەرچاوی دەبیندرێت و كه مرۆڤ چاوێك بخشێنێت به هونەر و موسیقاو پەرتووك و گوفتمانی كۆمەڵگای كورده لوڕەكان لای ڕوون دەبێت كه له ئەنجامی مێژوویەكی پڕ ئێش وئازار و سیاسەتی ناوەنده یەك له دوای یەكەكانی دەسەڵاتی ناوەندی له سەر پێكهاتەی كوردی لوڕ ئێستاكه چەمكی ئێرانچێتی بووه به غرور و خۆبایی زۆرینەی كۆمەڵگای كوردی لوڕ و سەرەرای ئەو هەموو زوڵم و زوور و حیقارەتانەی كه نەتەوەی سەردەست و ناوەندەكانی دەسەڵات كردوویانه بەرانبەر به كورده لوڕەكان ، دیسان كورده لوڕەكان خۆیان به خاوەنی سەرەكی ئاو و خاكی وڵاتی ئێران دەزانن و پارێزگاری لێدەكەن.!

هەرچەنده بابەتی ناسیونالیزم و چەمكی دەوڵەت-نەتەوه به واتای مودێرنی خۆی لەسەردەمی پاڵەوی یەكەم پێناسه كرا له ئێران و زمان و شوناسی به فارس بوون به فەرمی و به شێوازی سیستەماتی سەپێندرا بەسەر هەموو گەلانی ناوخۆی ئێران بەڵام جیاوازییەك هەبوو لەنێوان پێكهاتەی كوردەلوڕەكان لەگەڵ باقی نەتەوەكانی ناوخۆی ئێران به نیسبەت ئەم مەسەلەیە.

وەكو دەزانین زۆرینەی گەلانی ئێران وەكو؛ عەرەب، كورد ، ئازەری و...هتد له چوارچێوەی چەمكی شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەبوون خۆراگریان كرد دژ بەم سیاسەتانه و تەنها له ڕووی ڕامیاری و دەسەڵاتەوه بەرەنگاری ئەم مەسەلەیه نەبوون بەڵكو فاكتەری شوناسی نەتەوەیی یەكێك بوو له سەرەكیترین هۆكارەكانی ململانی نێوان نەتەوەكانی ئێران و دەسەڵاتی ناوەند و دەبینین هەر ئەم فاكتەره بوو به هۆی ئەوەیكه نەتەوەكانێك وەكو ئازەری و كورد لەبەشی سەرەوەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بتوانن له قوناخێك (هەرچەنده لەڕووی كات كورت ماوەش بوویێت)كیانی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن له چوارچێوەی دەسەڵاتێكی سیاسی وەك كۆماری ئازەربایجان و كۆماری كوردستان و تەنانەت له دوای له ناو چوونی ئەو كۆمارانەش دیسان هەر فاكتەری بەهێزی شوناسه كه توانیوییەتی بەرخۆدانی ئەم گەلانه به زیندوویی ڕابگرێت و تا كاتی ئێستاش ویستی بونیادنانی كیانی رامیاری - نەتەوەیی له دڵی جیلی نوێ ئەم نەتەوانه وەك سەرەكیترین داخواز و هۆكاری

چالاكیاندا بمێنێت.

ئەم مەسەلەیە لای پێكهاتەی كوردی لوڕ بە چەشنێكی دیكە ڕوویداوە بە هۆی ئەوەیكە كێشەو گرفتەكانی پێكهاتەی لوڕ لەگەڵ شوناسی سەردەست و دەسەڵاتی ناوەندی تەنها لە چوارچێوەی رامیاری مایەوەو كوردە لوڕەكان بە زۆر هۆكاری جۆراجۆر نەیانتوانی فاكتەری شوناس تێكەڵ بكەن بە ویستە رامیارییەكانی خۆیان بۆیە دەبینین بە دوای سەركوتی هەموو دەسەڵاتە خۆجێیییەكان و دەسەڵاتی والییەكانی لوڕستان لە لایەن دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی پاڵەوی، ئیتر كوردەلوڕەكان نەیانتوانی تەنانەت نیمچە سەربەخۆیی ڕامیاری پێشوویانیش ڕابگرن و لە بواری شوناسی نەتەوەییش كەوتنە بەر شاڵاوی بەهێزی شوناسی بەفەرمی ناسراو لە لایەن ناوەندەوەو بە دوای نیو سەدە پێكهاتەی كوردی لوڕ تووشی قەیرانێكی قووڵ بوو لە بواری شەوناسی نەتەوەیی و بۆیە بە ناچار تەنها چەمكی "ئێرانی بوون"یان هەڵبژراد وەک شوناسی باڵای خۆیان و فاكتەرەكانی بەنەتەوە بوون هەر ڕۆژ لاوازتر ببوون لای كوردەلوڕەكان .

ئێستا كومەڵگاو پێكهاتەی كوردی لوڕ بەرانبەر بە پرسیاری "ئەتو شوناست چییە یان چ نەتەوەیەكی"؟ وەڵامێكی ناڕوون و گشتیی هەیە و دەڵێت: "من ئێرانیم و لوڕم"! و هەرچەندە ڕەنگە بتوانێت هەندێ فاكتەری مێژوویی و جوگرافی بهێنێت بۆ شوناسی باڵای ئێرانی بوونی خۆی و چوارچێوەیەكی بۆ پێناسە بكات بەڵام لە پێناسەكردنی "لوڕ بوونی" خۆی دیسان بەناچار پشت دەبەستێت بە فاكتەرەكانی ئێرانی بوون و ناتوانێت پێكهاتەی "لوڕ" پێناسە بكات وەكو نەتەوەیەكی سەربەخۆ یان بەشێک لە شوناسە ڕاستەقینەكەی خۆی واتە: "كوردی لوڕ".

واتە لای ئەو بە پێچەوانەی نەتەوەكانی دیكە "سەرەتا ئێرانییە و دوایی لوڕ"!

لە حاڵێكدا ئەگەر كوردێكی دیكە یان یەكێكی دیكە لە نەتەوەكانی ئێران ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە كەیت ئەگەر نەڵێت : " كوردم و كوردستانی یان ئازەری و ئازەربایجانی یان..."دەڵێت:" كوردی ئێرانم، عەرەبی ئێرانم یان توركی ئێرانم "واتە سەرەتا ئاماژەدەكات بە شوناسی نەتەوەیی خۆی و دوایی شوناسی ئێرانی بوونەكەی بەڵام لە زاری هیچ كوردێكی لوڕ نابیستریت كە بڵێت: "لوڕی ئێرانم"! بەڵكو دەڵێت: ئێرانیم و لوڕم، واتە شوناسی باڵاو سەرەكی خۆی بە ئێرانی داناوەو "لوڕ" بوونی خۆی لە پلەی دوویەم.

دەبێ بگوترێت كە كوردەلوڕەكان هیچكات نەیانتوانی لە بابەتی ناسیونالیزمی رامیاری - نەتەوەیی پێناسەیەكی ڕاستەقینە بكەن لە خۆیان و شوناسیان بۆیە بیروكەی پاوانخواز و چەواشەكاری ئێرانچێتی لە لایكەوە تووشی قەیرانی شوناسی

کردوون و لە لایەکی دیکەشەوە نەیانتوانیوە ئەنتیگرەی شوناسی سەردەستیش ببن واتە "فارس بوون"، تەنانەت لە ژێر کاریگەری قووڵی پان ئێرانیزم وایان لێهاتووە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باقی نەتەوەکانی ئێران وەکو؛ عەرەب و تورک و بەلووچ و تەنانەت کوردیش بە مەترسییەکی گەورە بزانن بۆ هەیکەلی ئەو شوناسە چەواشەیەی کە بەسەریاندا سەپێندراوە واتە "ئێرانی بوون" و بۆیە دەبینین هەر بەم هۆیە و بە درێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکان لە ئێران، کوردە لوڕەکان هەمووکات وەک داردەست و سەربازی باوەفای دەسەڵاتی ناوەندی ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاویان بووە لە سەرکوتکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەتائێستاکەش ئەم ڕۆڵە دەگێڕن. بە واتایەکی دیکە دەکرێت وا بگوترێت کە "کوردە لوڕەکان پارێزەرە بێ شوناسەکانی چەمکی ئێرانچێتین و بە بندەستی خۆیان، بندەستی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشیان گەرەنتی کردووە."!.

### ٩- کوردە لوڕەکان و دەسەڵاتەکانی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی لەئێران

بەدوای هاتنە سەردەسەڵاتی ڕەزاخانی پاڵەوی و پێناسەکرانی چەمکی دەوڵەت - نەتەوەو پێشخستنی ڕامیاری "یەکسان سازی نەتەوەیی" لە هەموو ناوچەکان و لە نێو هەموو نەتەوەکانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی تازە پێگەیشتوو، ناوچە لوڕنشینەکان و کوردەلوڕەکانیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەوتنە بەر شاڵاو و پەلاماری سیاسەتی "یەک دەوڵەت - یەک نەتەوە" و شۆڤینیزمی تاشراوی نەتەوەیی فارس.

"لێرەدا بەرلەوەی باس لەم بەشە بکرێت، کورتەیەک لەسەر شوناسی دروستکراوی "فارس" دەوترێت:

وشەی فارس کە بە دەیان ساڵە وەکو ناوی نەتەوەیەک بەکار دەهێندرێت لە ڕاستیدا ناوی نەتەوەیەک نییەو ناوی ناوچەیکە کە دەکەوێتە پارێزگای شیراز لە ئێران کە ئێستا پێدەڵێن "استان فارس" و ڕیشەی ئەم وشەیە "پارس" یان "پەرس"ە کە ئەویش لە وشەی "پەرت "ەوە وەرگیراوە و "پەرتە" یان پارتییەکان هەمان بەشەن لە مادەکان کە یاغی دەبن لە دەسەڵاتی ماد و خەڵکی ماد پێیان دەڵێن "پەرتە" واتە: "دابڕاو و پەرتەوازە بوو".

وشەی "پارس"یش لەبن کاریگەری وێژەو زمانی عەرەبی دەبێتە "فارس" و لە ڕاستیدا هیچکات ناوی نەتەوەیەک نەبووەو بە هەڵە و بە زانابوون ئەم وشەیە تاشراوە بۆ ناوی نەتەوەو شوناسێک کەلە ڕاستیدا هەبوونی نییە.

کە دەگوترێت فارس یان پارس ئەمە ئاماژەیە بە ناوچەو شوێن و شارێکی کۆن لە پارێزگای شیراز. (شاری کۆنی

پەرسپۆلیس کە یونانییەکان ئەم ناوەیان بۆداناوەو لە بنەڕەتدا پەرتپۆلیسە). کە دەگوترێت فارسی یان پارسی واتە کەسێک کە خەڵکی ناوچەی فارس یان پارس بێت. کە دەگوتریت پارسیان واتە پارسییەکان و دیسان ئاماژەیە بە خەڵکی ناوچەو شاری کۆنی پارس نەک ناوی نەتەوەیەک و ئەم وشەیە بە هەڵەو بە پشت بەستن بە سیاسەتی یەکسان سازی نەتەوەیی ولە پێناو تاشینی یەک نەتەوە لە هەموو نەتەوەکانی ئێران دانراوە بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە دانیشتووی جوگرافیای ئێرانن و هەرکامیان شوناس و ناوی ڕەسەنی تایبەت بەخۆیان هەیە".

بەرلەهاتنی دەسەڵاتی پاڵەویی، ناوچە لوڕنشینەکان لەنێو خۆیان دابەش کرابوون بە چەند بەش وەکو ناوچەی "لوڕی گەورە" و "لوڕی بچووک" و دەسەڵاتی ئەتابەکە لوڕەکان و والییەکان نزیکەی ٥٠٠ ساڵ حوکمڕانیان دەکرد بەسەر ئەم ناوچانە. والییەکانی لوڕستان ڕەوابوونی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوەندی دەسەڵات و پاشا وەردەگرت و لە بەرانبەردا باجیان دەدا بە ناوەندو لەکاتی شەڕ لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکی سەربازیان دابین دەکرد بۆ سوپای ناوەندو سەربەست بوون لە شێوازی حوکمڕانی کردن لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی خۆیان و دانانی یاساو ڕیسا لەو ناوچانەدا.

هەرچەندە کوردەلوڕەکان تا سەردەمی پاڵەوی خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێیی بوون بەڵام پێناسەی ئەم دەسەڵاتانە هەمیشە سیاسی - سەربازی - مالیاتی (باجدەر) بوو و ڕەنگ و بۆنی شوناسی نەتەوەیی پێوەیان دیار نەبوو بۆیە هیچ چەشنە میراتێکی نەتەوەیی و خوڵقێنەری شوناسیان بەجێ نەهێشت لە دوای نەمانیاندا کە لە پاشەڕۆژ بکرێتە فاکتەر یان هۆکارێک بۆ پاراستنی شوناسی ڕاستەقینەی کوردەلورەکان یان ببێتە هۆیەک بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی جیلی نوێ لە بەرانبەر شوناسی تازەو دەسەڵاتی نوێ، بۆیە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی والییەکان لەلایەن ڕەزاخانی پاڵەویی تەنها یەک سەرهەڵدانی بەرچاو لە مێژووی باشووری ڕۆژهەڵات ڕوویدا کە ئەویش شۆڕشی ئیلام یان شۆڕشی "ڕنۆ" بوو کە سەرهەڵدانێکی چەکداری و سیاسی بوو و لە ڕاستیدا چەمکی ناسیونالیزمی نەتەوەیی زۆر پێوە دیار نەبوو و ئامانجەکانی زیاتر لە چوارچێوەی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسەکرابوون ئەویش نە بە شێوازێکی نووسراو بەڵکو تەنها بە شێوازێکی زارەکی بۆیە دەکرێت بڵەین چەمکی ناسیونالیزم و پێناسەی نەتەوەیی لە نێو کوردی لوڕ (مەبەست کوردەلوڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە) لە دایک نەبوو یان بە واتایەکی دیکە بە مردوویی لە دایک ببوو لە کاتی لە دایک بوون و پێناسەکرانی ناسیونالیزم لە نێو نەتەوەکانی ناوچەکەو شوناسی نەتەوەیی کوردە لوڕەکان بوو بە قوربانی و لیستووکی شوناسی سەپێندراو بەسەر گەلانی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو هەموو هێزو دەسەڵاتەی کە کوردە لوڕەکان بوویان لە سەردەمی والییەکان بەڵام بەهۆی ئەوەیکە دەسەڵاتی ناوچەیی والییەکان هیچ هەنگاوێکی زانستیان هەڵنەگرتبوو لە پێناو چەمکی شوناسی نەتەوەیی و

ناسیونالیزم لە نێو کوردەلوڕەکان بۆیە دەبینین بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی والییەکانی لوڕستان، لوڕەکان پێ دەنێنە سەردەمێک کە هیچ چەشنە ئامادەکاری پێویستی بۆ نەکراوە لە بواری شوناسی نەتەوەیی و بەم شێوەیە ناتوانن وەک شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان تێپەڕی قوناخی دەوڵەت - نەتەوە بین و بۆیە تووشی قەیرانی قووڵ دەبن لە بواری شوناسی نەتەوەیی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش نەیانتوانیوە لێ رزگار بن.

دوای ڕۆخانی دەسەڵاتی پاڵەوی لە ئێران و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر گەلانی ئێران، برینی قەیرانی شوناس دوو هێندە قووڵتر ببوو لە نێو کوردەلوڕەکان و ئەگەر لە سەردەمی پاڵەوییەکان شوناسی کوردە لوڕەکان تەنها کەوتبووە بەر پەلاماری شوناسی دەستکردی فارس، بە هاتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کوردە لوڕەکان کەوتنە بەر شەپۆلی دوبەمی تواندنەوە (ئاسمیلاسیون) کە ئەویش شەپۆلی ئایدیاو شوناسی توندڕەوی ئایین زای شیعە بوو کە بە یەکجاری کۆمەڵگای کوردە لوڕەکانی بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار برد لە بواری شوناسی نەتەوەیی و تەنانەت وای لێکردن کە ئێستا بەشێکی هەرەزۆری جیلی نوێ کوردی لوڕ لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبێت و هەوڵی ئەوە بدات جێگایەک و پێناسەیەک بۆ خۆی بدوزێتەوە لە نێو شوناسی نەتەوەکانی دراوسێ بەتایبەت شوناسی نەتەوەی فەرمی و سەردەست.

----

هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان بە پێشەنگی بزاڤی کورد دەزانن لە ئێران هێشتا بە باشی لەم ڕاستیە تێنەگەیشتوون کە لەسەدا هەفتای (٧٠%) نەتەوەی کورد و کوردستان لەبواری دیموگرافی و جوگرافی دانیشتووی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لەم ڕێژەیەش لە سەدا پەنجای (٥٠%) کوردی لوڕن.

## ١٠- کوردی لوڕ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد

زیاتر لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر و بەرلەوەی هەر نەتەوەیەکی دیکە لە ناوچەکە (تەنانەت لە وڵاتی ئەوروپیش) بیر لە بابەت و چەمکی "وڵات - نەتەوە" (نەک دەوڵەت - نەتەوە) بکەن، شەرەفخانی بەدلیسی کە یەکێک بووە لە وەزیرەکانی سەردەمی شاتەهماسبی سەفەویی و کاروباری هەموو ناوچە ڕۆژئاواییەکانی ئێرانی ڕێکخستووەو بۆخۆی خەڵکی شاری بەدلیس بووە لە باکووری کوردستان ، لە پەرتووکە بەنرخەکەی بە نێوی "شەرەفنامە" (مێژووی ماڵەمیرانی کورد) بناغەی چەمکی "وڵات - نەتەوە" دادەڕێژێت بۆ نەتەوەی کورد بە دیاری کردنی سنوور و خاکی کوردستان و نووسینی مێژووی ماڵەمیرانی کورد لە ناوچەکە.

هەرچەندە لە سەردەمی ژیانی ئەو هێشتا بابەت و چەمكی "دەوڵەت - نەتەوە" نەتەنها لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگرە لە ئەوروپاش پێناسە نەكراوە بەڵام ئەو زۆر بە وردی و ڕێكوپێكی هەیكەل و قەبارەی نەتەوەیی كوردو سنوورەكانی خاكی كوردستان پێناسە دەكات لە چوارچێوەی چەمكی خاك (وڵات) - نەتەوە. بۆیە بەڕای نووسەری ئەم بابەتە بەخشینی نازناوێك وەك "باوكی نەتەوەیی كورد" بۆ ئەو جێگای خۆیەتی و مرۆڤ بە پشت بەستن بە نووسینەكانی شەرەفخان دەتوانێت ئیدعا بكات كە "بیروكەی وڵات - نەتەوە لە نێو كورد زۆر كۆنترە لە هەموو نەتەوەكانی ناوچەكە".

دوای هێرشی سوپای موسڵمانەكان بۆسەر ئێران و خۆڕاگری درێژخایەنی كوردەلوڕەكان بۆ پاراستنی خاك و سامانیان لەكۆتاییداو بەزەبری زوور و شمشێر یان لە پێناو بەرژەوەندی ئایینی ئیسلامیان قبوڵ كرد وەك هەموو نەتەوەكانی دیكە لە ناوچەكەو لەئێران و بە تایبەت بەدوای زاڵبوونی بیرۆكەی شیعەگەری توندڕەو لە سەردەمی سەفەوییەكان لە ئێران و هاتنەئارای پەیمانی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩ی ز، لە نێوان سەفەوی و عوسمانی، چارەنووسی كورده لوڕەكان گۆڕانێكی زۆری بەسەرهات و ئاكاری گۆڕدرا و كۆمەڵگای كوردی لوڕ وەك بەشێك لە قەبارەی نەتەوەیی كورد تووشی دو دابڕانی سەرەكی ببوو لە نەتەوەو شوناسی ڕاستەقینەی خۆی.

**یەكەم:** كوردەلوڕەكان بوون بە شیعەو لەبواری ئایین زاوە دووركەوتن لە باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كوردو لە بواری ڕامیاری - ئیداری ڕوویان كردە ناوەندی سیاسەت و دەسەڵات لە ئێران.

**دویەم:** پێكهاتەی كوردەلوڕەكان كرا بە دوو لەت و لەتێكی لە سنووری دەسەڵاتی سەفەوییەكان و ئێران مایەوەو لەتێكی دیكەش كەوتە بن دەسەڵاتی عوسمانییەكان لە وڵاتی عیراق. ئەم لەت بوونە كاریگەری ڕاستەوخۆی بوو لەسەر چوونییەتی بەشداربوونی كورده لوڕەكان لە هاوكێشە سیاسییەكانی داهاتوو بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كوردو شوناسی ڕاستەقینەی خۆی.

ئەوبەشە لە كوردەلوڕەكان كەلە ژێر دەسەڵاتی سەفەوی مانەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا بە زۆر هۆكار بۆ وێنە وەك جیاوازی ئایین زا، كەوتنەژێر كاریگەری بیرۆكەی ئێرانچێتی و پان فارسیزم، ناهەماهەنگی لە نێوان باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كورد لە ئێران لەگەڵ كوردی لوڕ و بە پێچەوانە، دوور بوون لە ناوەندی لەدایك بوونی ناسیونالیزمی سیاسی كوردی واتە "كۆماری كوردستان" لە مەهاباد،دابەش بوونی دەسەڵات لە وڵاتی ئێران لە نێوان بریتانیاو سۆڤییەتی كۆن، سیاسەتەكانی دەسەڵاتەكانی پاڵەویی یەكەم و دویەم و كۆماری ئیسلامی لە پێناو ڕاكێشان و تواندنەوەی كورده لوڕەكان لەنێو شوناسی فەرمی نەتەوەیی فارس و شوناسی ئایینی شیعە، ململانییەكانی نێوان دەسەڵاتەكانی سەفەوی و عوسمانی كە

سەفەوییەکان توانیبویان کوردە لوڕەکان و باقی پێکهاتەکانی کورد لە نیوەی خوارووی زاگروس ڕاکێشن بەرەو لای خۆیان بەهۆکاری رامیاری،ئایین زایی، ئابووری و ئیداری و سەربازی و...هتد و عوسمانییەکانیش پێکهاتەکانی کوردی سەرەوەی زاگروسیان ڕاکێشابوو بەرەولای خۆیان هەر بەو هۆیانەوەو زۆر هۆکاری دیکە کە لە دەرفەتی ئەم نووسینە نییە، کوردەلوڕەکان تووشی قەیرانی قووڵی شوناس و چەواشەکاری لە جێگەوپێگەی نەتەوەیی ببوون و بۆیە نەک تەنها نەیانتوانی وەک پێویست لە چوارچێوەی هزر و بیری نەتەوەیی کورد جێگابگرن و بەشدار ببن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانە زۆرجاریش بەکرێ گیران و بە کارهاتن دژ بە شوناسی نەتەوەیی و ڕاستەقینەی خۆیان و بەشدارکران لە سەرکوتی بزاڤی نەتەوەیی کوردلەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەشێکی دیکەی پێکهاتەی کوردەلوڕەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و خاکی عیراق لە دوای ڕێکەوتننامەی قەسری شیرین یان زەهاو کە ئەمڕۆکە بە نێوی بێ بنەماو هەڵەی "کوردی فەیلی" ناوزەد کراون.

دانانی ناوی بی واتاو بێ بنەمای "فەیلی" لەسەر کوردەلوڕەکان لە عیراق خۆی یەکێک لەو فاکتەرو هۆکارانەیە کە بووەتە هۆی دابڕان و دوورکەوتنی ئەم بەشە زۆرە لە نەتەوەی کورد لە شوناس و نەتەوەکەی. وشەی "فەیلی" وشەیەکی بێ مانا و بێ بنەمایە کە دیسان لەژێر کاریگەری ویژەو زمانی عەرەبی سەپێندراوە بەسەر شوناسی ئەم بەشە لە نەتەوەی کوردو ئەم وشەیە لەئەساسدا "پەهڵەیی"ە کە عەرەب کردوویانە بە "فەیلی". وشەی فەیلی ناوی هیچ خێڵ یان هۆز یان شوێن یان ڕووداوێکی تایبەت و یان هیچ شتێکی دیکە لە دیموگرافیا و جوگرافیای نەتەوەی کوردو کوردستان نییەو بە هەڵەیەکی وێژەیی و زمانی لکێندراوە بەسەر کوردەلوڕەکان. تەنانەت ئەگەر بێت و وای دانێن کە وشەی "فەیلی" لە وشەی "پەهڵەیی" یەوە وەرگیرابێت و عەرەبەکان بە "فەیلی" بەکاریان هێنابێت ئەوکات دەبێت بڵەین: "کوردی پەهڵەیی "لە جیاتی" کوردی فەیلی" کە ئەمە لەڕاستی نزیکترە لەبەرئەوەی کە "پەهڵە" نێوی ناوچەیەکی گەورەو مێژووییە لە پارێزگای ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە شاری "زەڕین ئاوا" ناوەندییەتی و ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە پێکهاتەو زمانە کۆنە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری زاگروس کە زمانیان "پەهڵەیی" یان" پەهڵەویی" بووەو پاشماوەی زمان شارستانییەتی گەورەی مادەکانن و لەولاوەش فارسەکانیش بۆ ئەوەی شوناسی ئەم زمان و مێژوویە بگۆڕن و بیکەن بە هی خۆیان بە زانابوون پێدەڵێن "فارسی باستان" یان "فارسی کۆن" لە نێو نووسراوەکانیان لەسەر مێژوو.!

کوردە لوڕەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق هەرچەندە شیعە بوون لەبواری ئایین زاوە بەڵام بەزۆر هۆکار نەکەوتنە ژێرکاریگەری دەسەڵاتی سەفەوی و دەوڵەتەکانی ئێران وەک ئەوانەی کە کەوتنە نێو سنوورەکانی ئێران.

کورده لوڕەکان لە عیراق هەر لە شاری کوتەوە بگرە هەتا دەگاتە ناوچەکانی خانەقین و جلەولاو تەق تەق لەباشووری کوردستان هەبوونیان هەبووەو بە هۆی ئەوەیکە لە وڵاتی عیراق بوون بە دراوسێ نەتەوەی عەرەب و زمان و کولتوور و داب و نەریتێک کە زۆر جیاوازی هەبوو لە ئەوەی خۆیان، بۆیە زۆر زۆر کەمتر توانەوە لە نێو کومەڵگای عەرەبی و هەرچەندە بەدرێژایی دەسەڵاتەکانی وڵاتی عیراق تووشی زۆر هێرش و پەلاماری جۆراجۆر بیون دیسان هەرخۆیان بە کورد زانی و بەشداری زۆریان کرد لە قوناخەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عیراق.

کورده لوڕەکان لە عیراق هەرچەندە لە نێو وڵاتێکی بە نێو عەرەبی و شوناسی عەرەب مابوون بەڵام بیۆکەی "پان عەرەبیزم" بە زۆر هۆکار نەیتوانی وەک بیرۆکەی پان ئێرانیزم کورده لوڕەکان ئەنتیگرەی خۆی بکات و کورده لوڕەکان بە هۆی دووربوون لە ناوەندی ئێرانچێتی و پان فارسیزم لە بواری جوگرافییەوەو سەرکوت کران لەژێرناوی "کوردبوون و بە ڕەگەز ئاری بوون" لە لایەن دەسەڵاتی عەربی شۆڤینی دەرفەتی ئەوەیان هەبوو کە زیاتر بیر لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان واتە کورد بوون بکەن و هەرچەندە بەشێکی زۆریان لە ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی بە شوناس عەرەبی نیشتەجێ ببوون بەڵام هەموو کات هزر و بیریان لای شوناسی کوردبوون و ناوەندی سیاسی و ناسیونالیزمی کوردی بوو لە عیراق بۆیە دەبینین کە کوردەلوڕەکان لە عیراق لە هەموو ئاستێک بەشداریان کردووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە پێناو دامەزراندنی کیانی کوردی و هەزینەیەکی زۆریان داوە لەم ڕێگایە.

### ١١- کوردی لوڕ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت خەسارناسی بکرێت زۆر بە جددی و بێ لایەنانەو دوور لەهەر چەشنە بیرۆکەیەکی تەسکی حیزبی و ئەمە ئەرکی زانایان و پسپۆڕانی سیاسی و لێکۆلینەرە بێ لایەکانی نەتەوەی کوردە.

هەرچەندە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی مودێرنیتەو لەسەر ئەساسی تیورییەکی ناسیونالیستی پێشکەوتوو لەو کاتەدا پێ نایە سەرەتای خۆی و گەیشتە لووتکەی خۆی لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و توانی لەماوەیەکی کورت بونیادی بیرۆکەی ناسیونالیزمی کوردی دابڕێژێت و پێشەنگ بێت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەچەشن و مودێلی بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژ و داهاتووی خۆیان بەڵام نەیتوانی ئاواتە درێژخایەنەکانی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێتە دی بەهۆی کەم بوونی تەمەنی و ماوەی ژیانی.

لێرەدا مەبەست ئاماژەکردن بە ڕەهەندە پۆزەتیڤ یان نیگەتیڤەکانی کوردستان نییە بەڵکو مەبەست تیشک خستنە سەر خاڵێکی گرینگە کە ئەویش ئەوەیە کە "شەپۆلەکانی دامەزراندنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوون و نەیانتوانی سنوورەکانی ناوچەی موکریان ببەزێنن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بۆیە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی پێکهاتەی کوردەلوڕەکان کە هەڵکەوتیان زیاتر لە ٥٠٠ کم خوارتر و دوورتر بوو لە ناوەندی کۆماری کوردستان، ڕەنگە لەو کاتەدا هیچ دەنگویەکیش نەگەیشتبێتە گوێ کۆمەڵگای کوردی لوڕ و ناوچە لوڕ نشینەکان سەبارەد بە کۆماری کوردستان.

بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و تەکوینی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فراز و نشێوی زۆری بەخۆە بینی لە دوای نەمانی کۆماری کوردستان و قوناخ لە دوای قوناخ زیاتر تووشی چەند دەستەیی و پەرتەوازەیی ببوو بەتایبەت دوای هاتنی بیرۆکەی چەپ لە ناوەندەوە بۆ ناوچەکوردنشینەکان چەند دەستەیی و دوورکەوتنەوە لە یەکتر زیاتر کۆمەڵگای یەکدەستی کوردی تووشی خەسار کردو بوو بە هۆی بە لاریدا چوونی بزاڤی نەتەوەیی و لە دەست چوونی دەرفەتە مێژووییەکان لەبەردەم نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کوردە لوڕەکانیش هەروەکو باقی پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد تووشی پەتای بزاڤی بە ڕواڵەت چەپ ببوون و زیاتر لە نێو بیۆکەی پشت بەستوو بە ناوەندی سیاسەت لە ئێران توانەوەو دوور مانەوە لە چەمکی نەتەوەیی کورد بوون. ئەو هێزە سیاسیانەی کە لەدوای کۆماری کوردستان و لە بن کاریگەری بیرۆکەی چەپ لەدایک ببوون ئەوەندە چوونە نێو قوڵایی تیوری چەپ و خەریکی ئایدیای هاوردە ببوون کە وردە وردە ئیجماعی کۆمەڵگای کوردیان هەڵوەشاندو لە سەردەمێک کە کاتی لە دایکبوونی میللەتان و دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوو و دەبوایە بیری نەتەوەیی و گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی بکەنە بژاردەی یەکەمی خۆیان، هەموو ئاواتەکانی نەتەوەی کوردیان فەوتاند و دواخر هەموویان ئاوارەو دەربەدەری وڵاتانی دەوروپشت ببوون.

خەریک بوون بە بابەت و ئایدیای چەپ ئەویش لە نێو کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان فیوداڵ و پێش نەکەوتوو و سونەتی و غافڵ بوون لە ڕاستییەکانی سەردەم و پێداویستییە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا وای لە هێزە سیاسیەکانی کورد کرد کە نە تەنها بیر لە لکاندنی پێکهاتەی کوردی لوڕ نەکەن بە بزاڤی نەتەوەیی کورد بەڵکو بەشێکی زۆر لەم هێزە سیاسیانە ئەم پرسیارە سەیر و سەمەرەیان خوڵقاند کە ئاخۆ؛ "لوڕ کوردن؟!"

هەرچەندە ڕۆناکبیران و نۆخبەکانی پێکهاتەی کوردی لوڕیش بێتاوان نەبوون و نین لەمەڕ دوور کەوتنەوەی هەمە چەشنەی کوردی لوڕ لە نەتەوەو شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بەڵام هێزە سیاسییەکان و بەشێک لە نۆخبەی سیاسی و ڕۆناکبیرانی بیر

سەقەتی کورد و چەشنی سیاسەت و کەم تەرخەمی و کرداری نەشیاوی حیزبە سیاسییەکوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری یەکجار نیگەتیڤی بوو لەسەر پرۆسەی ئەنتیگراسیون و لکاندنی پێکهاتەی کوردی لوڕ بە نەتەوەی کوردو بەشداربوونیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە سەرەرای هەوڵ و تێکوشانی سیستماتی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێرانە کە بە هەموو تواناو هێزی فکری و سیاسی و سەربازی و ئابووری خۆیان هەوڵیاندا تا جگە لە دوورخستنەوەی کوردە لوڕەکان لە نەتەوەی کورد، شوناسی لوڕ بوونەوەکەشیان بگۆڕن و پێناسەیەکی دیکەی پێبدەن و بیانکەن بە فارس.

هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان بە پێشەنگی بزاڤی کورد دەزانن لە ئێران هێشتا بە باشی لەم ڕاستیە تێنەگەیشتوون کە لەسەدا هەفتای (٧٠%) نەتەوەی کورد و کوردستان لەبواری دیموگرافی و جوگرافی دانیشتووی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لەم ڕێژەیەش لە سەدا پەنجای (٥٠%) کوردی لوڕن.

چەواشەکارییەکانی دەوڵەتە ناوەندییەکان لەئێران هەرلە سەردەمی سیستەمی پاشایەتی پاڵەوی هەتاکو سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وای لە هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە پێناسە بکرێن وەک هێزی سیاسی کۆمەڵگایەکی بە ئایین زا سونی و بە ڕکابەری بەشی کوردی شیعە لە قەڵەم بدرێن و لە لایەکی دیکەوە سیاسەت و کردەوەو شێوازی ڕێکخستن و بەڕێوەبەری لە چارت و پێکهاتەی حیزبەکانیش بە شێوازێک بووە کە بە نەخوازراو بوونەتە تەواوکەری ئەم سیاسەتەو بەو شێوەیە دەستی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کورت کراوە لە گەیشتن بە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی کوردەلوڕەکان ، بۆیە ئەم مەسەلەیە ڕەغبەت و مەیلی بەشداربوون لە بزاڤی کوردی و هەستی کوردبوونی لاواز کردووە لە لای کوردی شیعە بە گشتی و کوردی لوڕ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جیاواز لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ دابڕینی کوردەلوڕەکان لە هەیکەلی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆلی نیگەتیڤی هێز و حیزبە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست لە بە لاڕێ بردن و دوورخستنەوەی کوردە لوڕەکان لە شوناسی سەرەکی و ڕاستەقینەی کوردیان، زۆر فاکتەر و چەمکی خراپ و زیانبار لە لای هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات وەکو: "ناوچەگەرایی، دوورکەوتنەوە لە هزر و بیری ڕاستەقینەی نەتەوەیی، ناشارەزایی لە چوونییەتی گەیاندن و شێوازی پەرەپێدان بە تێکوشانی نەتەوەیی لە نێو کوردە لوڕەکان، لۆکالیزە نەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی لە لای کوردی لوڕ، ململانی نێو حیزبی و نێوان حیزبی، تەسک کردنی ئایدیای ناسیونالیزمی کوردی لە ناوچە کوردییە سوننە نشینەکان، بوون بە پاشکۆی هێزە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست و ناوەند، ناشارەزا بوون لە دیموگرافی و

جوگرافیای ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردو کوردستان، پێشکەوتنی چەمکی شۆڤینی پێکهاتەی کوردی سۆران لە نێو قەبارەو دەسەڵاتی حیزبی (بەو مانایە کە هەموو پێکهاتەیەکی کورد دەبێ بێنە ژێر چەتری دەسەڵاتی پێکهاتەی کوردی سۆران و کوردی زاراوەی سۆرانی)، نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی و تێنەگەیشتن لە گرینگی بابەتی ژیوپۆلیتیکی کوردستان، داخستنی دەرگاو ڕێگاکانی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی حیزبی لە ڕووی کوردەلوڕەکان، بێ باوەری بە کوردە لوڕەکان یان کوردە شیعەکان بە نیسبەت بابەتی نەتەوەیی لای سەرکردایەتی پارتە کوردییەکان، ترس لە بە پێشەنگ بوونی کوردەلوڕەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوی کورد، کەوتنە ژێر کاریگەری ئایین زای سوننە (هەرچەندە حیزبەکان نکۆڵی لەم مەسەلەیە دەکەن بەڵام هەلومەرجی ئێستای هێزە سیاسییەکان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەم ئیدعایە دەسەڵمێنێت) و زۆر فاکتەری دیکە بوونە بە هۆکاری ئەوەیکە کوردە لوڕەکان نەتوانن بەشدار بن لە پێشخستن و ڕێکخستنی هەیکەلی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژ بە ڕۆژ دوور بکەونەوە لە شوناسی کوردی خۆیان.

هەرچەندە کوردە لوڕەکان وەک تاک یان گروپی بچووک بەشداریان کردووە لە هەموو قۆناخەکانی شۆڕشی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڵام تا ئێستاش کۆی پێکهاتەی کوردی لوڕ هەموو تواناو هێزی جەماوەری، ئابووری، سیاسی، هزری و...خۆیان نەخستووتە گەڕ بۆ تێکەڵبوونێکی هەمە لایەنە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو بڕیاری یەکلاکەرەوەیان نەداوە لەم بوارەدا.

## ١٢- بۆچوون و پێناسەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی لوڕ سەبارەد بە شوناسی نەتەوەیی

هەرچەندە پێشتر ئاماژە درا بەوەی کە بابەتی شوناس لەنێو کوردەلوڕەکان چون پێناسە کراوە بەڵام لێرەدا بە ریزبەند تیشک دەخرێتە سەر ئەو چەشنە بۆچوونانەی کە هەیە لە لای کوردە لوڕەکان سەبارەد بە بابەتی شوناسی نەتەوەیی لوڕ.

بەرلەوەی بچینە ناو ئەم باسە دیسان دوپاتی دەکەمەوە کە ئەو شوناسەی پێناسە کراوە لای کوردەلوڕەکان لەبن کاریگەری ڕاستەوخۆی بیرۆکەی ئێرانچێتی هاتووتە ئاراوەو بە شێوازێکی گشتی ڕەنگدانەوەی ئەم فاکتەرانەی خوارەوەیە:

١) دەرکەوتنی زۆر کەسایەتی بەناو بانگ لە ناوچە لوڕنشینەکاندا لەبواری تیوریزە کردنی بیرۆکەی پان ئێرانیزم.

٢) نزیک بوون و هەڵکەوتی ناوچەی پارس (فارس) و شاری مێژوویی پەرس پۆلیس (تەختی جەمشید) و گۆڕی کوڕەشی هەخامەنیش لە ناوچەلوڕنشینەکاندا.

٣) دەرکەوتنی زۆر شاعیر و نووسەر و مێژوونووس لەم ناوچەیە کە لە هەموو بوارەکاندا پەرەیان داوە بە بیرۆکەی ئێرانی بوون و ئێرانچێتی.

٤) کوردەلوڕەکان بە درێژایی مێژووی ئێران خاکی ئێرانیان پاراستووە لەبەرانبەر هێرشی دەرەکی و بیری جودایی خوازی ناوخۆیی کە بابەتە هۆکار بووە لەوەیکە کوردی لوڕ خۆی بە خاوەنی سەرەکی وڵاتی ئێران بزانێت.

٥) سیاسەتی دەسەڵاتەناوەندییەکان لە ئێران لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لە پێناو ڕاگرتن و تواندنەوەی پێکهاتەی کوردی لوڕ لە نێو شوناسی سەردەست واتە فارس بوون. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لەپاش نەمانی دەسەڵاتی قەجەرەکان و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی پاڵەوی زیاتر بەرچاوە (تەنانەت محەمەدڕەزا شای پاڵەوی بوو بە زاوای کوردەلوڕە بەختیارییەکان بۆ زیاتر نزیک کردنەوەو بەهرەمەند بوون لە پاڵپشتی کوردەلوڕەکان لە خۆی و دەسەڵاتەکەی).

٦) بابەتی ئایینی و ئایین زایی. بەحوکمی ئەوەیکە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام کوردە لوڕەکان کران بە موسڵمانی شیعە بەزۆر هۆکار و بەتایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان و ناوەندەکانی دەسەڵات توانیان کەڵکی زۆر وەربگرن لە پێناو پاراستن و درێژە پێدانی دەسەڵاتیان و زیاتر تواندنەوەی کوردە لوڕەکان لەنێو سیستەم و بیری نەتەوەیی سەردەست لە ئێران. ئەم فاکتەرە بە تایبەت لەسەردەمی حوکمڕانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گورزی کوشندەی دا لە هەیکەلی شوناسی ڕاستەقینەی کوردە لوڕەکان لەبەر ئەوەی سەردەمی کۆماری ئیسلامی بیرۆکەی فراوانخوازی پان ئێرانیزم تیکەڵ کرا لەگەڵ بیرۆکەی توندڕەو و فراوانخوازی شیعەگەری لە ئێران و بیرۆکەیەکی نوێ خوڵقێندرا کە مرۆڤ دەتوانێت ناوزەدی بکات بە بیرۆکەی "پان شیعە - ئێرانیزم ". کوردەلوڕەکانیش لەبەر ئەوەی خۆیان دەبینی لەم پێناسەیە لە هەردولاوە بۆیە زیاتر لە هەرکات لەنێو شوناسی فەرمی ئایینی - نەتەوەیی زاڵ توانەوەو کەوتنە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و شوناسی سەردەست و هێندەی دیکە دوورمانەوە لە پێکهاتەی ڕاستەقینەی نەتەوەییان واتە کورد بوون. لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو بۆچوونانەی کە لە نێو کومەڵگای کوردە لوڕەکان هەیە سەبارەت بە بابەتی شوناسی نەتەوەییان:

**بیرۆکەی یەکەم**: زۆرینەی کوردە لوڕەکان خۆیان بە ئێرانی دەزانن واتە دەڵێن لوڕ ئێرانیەو ئەم شوناسەیان هەڵبژاردووە وەک شوناسی نەتەوەیی خۆیان و قەومییەتی لوڕییان وەک شوناسی پلە دویەم دەبینن و دەڵێن "ئێمە ئێراین و لوڕین" واتە شوناسی ئێرانی بوون لەپێش شوناسی لوڕ بوونەویان بەکار دەهێنن.

**بیرۆکەی دوویەم**: ئەم بیرۆکەیە بەتایبەت لەدوای پەرەسەندنی مودێرنیزم بە شێوازێکی جددی تر خۆی نواندووە لەناو

کۆمەڵگای کوردەلوڕەکان و بە کرانەوەی دەرگای دونیای پەیوەندییەکان (سەردەمی پەیوەندییەکان)بەڕووی کوردی لوڕ و ئاشنابوونی جیلی نوێ لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی و زۆر چەمکی جۆراجۆر وەک بابەتی "ناسیونالیزم و نەتەوە" بەرچاوتر دیارە و ئەمەیە کە کوردەلوڕەکان خۆیان بەنەتەوەیەکی سەربەخۆ دەزانن و بیر لە پێکهێنان و دامەزراندنی نەتەوەی لوڕ و هەرێمی لوڕستان دەکەن لە چوارچێوەی جوگرافی ئێران.

**بیرۆکەی سێیەم**: هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیەو زۆر بەڵگەنامەی مێژووییش هەیە بۆ سەلماندنی بەڵام بە زۆر هۆکار نەیتوانیوە وەک پێویست پەرە بستێنێت و گەشە بکات کە ئەمەش بیرۆکەی کورد بوونی لوڕەکانە، هەرچەندە لەمێژداو لە نێو باقی پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد، پێکهاتەی کوردی لوڕ وەک بەشێکی هەرە سەرەکی نەتەوەی کورد لەقەڵەم دراوەتەوە بەڵام چەمکی خۆ بە کورد زانین لای کوردە لوڕەکان نەیتوانیوە زۆرینەی پێکهاتەی کوردی لوڕ بگرێتەبەر و ئەم بیرۆکەیە (کورد بوون) هاوشانی بیرۆکەی دوویەم و بە تایبەت بە تێپەڕ بە سەدەی بیست و یەکەم خەریکە زیاتر گەشە دەکات.

**بیرۆکەی چوارەم**: ئەو بووچوونەیە کە ڕەگ و ڕیشەی کوردی لوڕ و فارس بە یەکێک دەزانێت و کوردە لوڕەکان و فارسەکان وەکو دوو پێکهاتە لەیەک نەتەوە دەبینێت کە پێناسەی ئەو نەتەوەش هەمان پێناسەی شوناسی زاڵ و باڵای ئێرانی و فارس بوونە.
لێرەدا پێویستە بگوترێت کە کوردە لوڕەکان هیچکات خۆیان بە فارس نەبینیوەو پێناسەی ئێرانی بوون لای کوردە لوڕەکان بەواتای فارس بوونیان نییەو چەواشەکارییەکانی تیوریسییەنەکانی سەربە شوناسی سەردەست و فەرمی وایکردووە کەلای خەڵکی دیکە وابیر بکرێت کە کاتێک کوردە لوڕەکان دەڵێن ئێرانین ئەمە بەواتای فارس بوونە.

زۆرجار دەبیندرێت کە کوردەلوڕەکان دەڵێن: فارسەکان لە ئێمەن و زمان و وێژەو فولکلور و... فارسی سەردەست لە هی لوڕ وەرگیراوە کە ئەم بۆچوونە بە زۆر هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵناسی و... زۆر لە ڕاستی نزیکترە تا ئەوەیکە بگوترێت لوڕ بەشێکن لە فارس.

### ١٣- دەرفەت و پرسیارەکان:

ئەوەیکە کوردە لوڕەکان لەداهاتوو دا و لەکاتی هەرچەشنە گۆڕانێکی ڕامیاری - جوگرافی لە ئێران چون بیر لە چارەنووس و پاشە ڕۆژی خۆیان بکەن پەیوەندی هەیە بە زۆر فاکتەرەوە کە پێش گەیشتنی کاتی بڕیاردانیان بە تایبەت لە بواری

شوناس و چارەنووسی نەتەوەییان بەرەو چ ئاراستەیەکیان دەبات.

وەکو دەزانین لە پێناسەیەکی گشتی و کورت "هەر نەتەوە یان خەڵکێک لە کاتی بڕیاردان لەسەر بابەتێکی ستراتیژی بە گوێرەی بەرژەوەندییە ستراتیژییە درێژماوەکانی خۆی بیردەکات لە چەشنی بڕیارەکەی. بابەتی پێکهاتەی کوردی لوڕ و خاکی ناوچە لوڕنشینەکان بابەتێکی ستراتیژییە بۆنەتەوەی کوردو وڵاتی کوردستان بە گشتی و خودی کوردە لوڕەکان بەتایبەتی و پێویستە بە عەقڵییەتێکی مودێڕن و سەردەمی و ستراتیژی بیری لێبکرێت و پیلانی بۆ دابڕێژێت.

جا لێرەدا ئەم پرسیارە دیتە ئاراوە کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان چین بۆ پێکهاتەی کوردی لوڕ لە هەموو بوارەکانداو بە تایبەت لە بواری شوناسی نەتەوەیی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چون دەتوانێت بە پێناسەکردنێکی ڕاستەقینەو دروست لەم بەرژەوەندیانەو فۆرموڵەکردنیان، میکانیزمێکی گونجاو و کاریگەر دیاری بکات لە پێناو پراکتیزەو بە کردار کردنیان؟

بەرلە هەر شتێک و لە پێناو گەیشتن بە پێناسەیەکی ڕاستەقینە لە بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەی کوردی لوڕ دەبێت بیر لەو بەرژەوەندیانەوە بکرێت کە بە گەڕانەوەو ئەنتیگرە بوونی پێکهاتەی کوردەلوڕەکان عایدی هەموو نەتەوەی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت بۆیە زەق کردنی ئەم پرسیارە سەرەکی و گشتیانەی خوارەوە گرینگی زۆریان هەیە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پیلان داڕشتنەوەو پێشبردنی قوناخەکانی لۆکالیزە کردنی تێکوشانی ڕزگاریخوازی لە ژێر چەتری چەمکی نەتەوایەتی کوردی لەنێو پێکهاتەی کوردی لوڕ و ناوچەلوڕنشینەکاندا؛

١) گرینگی قەبارەی دیموگرافی و ژیوپولیتیکی پێکهاتەی کوردی لوڕ چییە بۆ پێشبردنی ڕەهەندەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و لە ئێران بەگشتی؟

٢) ئەو فاکتەر و کاراکتەرانە چین کە دەتوانن پێکهاتەی کوردی لوڕ ڕابکێشن بەرەو شوناسی نەتەوەیی ڕاستەقینەی خۆیان واتە شوناسی نەتەوەیی کوردی؟

٣) بەرژەوەندییەکانی وەرگرتنی شوناسی باڵای نەتەوەیی کوردی چین بۆ پێکهاتەی کوردەلوڕەکان؟

٤) بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی پێکهاتەی کوردی لوڕ چین لە هەموو بوارەکاندا؟

٥) کەموکوڕییەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتە سیاسییەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە باشووری کوردستان چی بووە لە پەیوەندی بە بابەتی بایەخدان بە بەشدارکردنی کوردە لوڕەکان لە جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی؟

٦) هزر و بیر و شوناسی نەتەوەیی کوردی چون و بە چ شێوەیەک دەتوانێت ببێتە جێگری (ئەلتەرناتیڤی) بیرۆکەی پان ئێرانیزم و شوناسی فارسی لەسەرپێکهاتەی کوردە لوڕەکان؟

٧) خاڵە ستراتیژییە هاوبەشەکان چین لەهەموو بوارەکاندا لەنێوان پێکهاتەی کوردی لوڕ لەگەڵ باقی پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد؟

٨) کام فۆموڵی سیاسی - ڕێکخراوەیی یان چەشنی ڕێکخستن گونجاوترە بۆ بەشدار کردنی پێکهاتەی لوڕ لە بزاڤی نەتەوەیی کورد؟

٩) ئەگەر هاتو پێکهاتەی کوردی لوڕ لە داهاتوودا بیر لە پاشەڕۆژ و چارەنووسێکی جیاوازی کرد بە نیسبەت شوناسی نەتەوەیی و سیاسی کوردی، چی بکرێت کە پێکهاتەی کوردی لوڕ وەکو تا ئێستا زۆرجار ڕوویداوە بە لانیکەم نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو دژایەتیی نەکات و نەکەوێتە خزمەتی سیاسەت و ئامانجەکانی دەسەڵات و شوناسی سەردەست؟

١٠) ئایا هەیکەلی نەتەوەیی نەتەوەی کوردو ژیوپۆلیتیکی کوردستان کەم ئەندام نابێت بە بێ پێکهاتەی کوردە لوڕەکان؟

١١) بەربەست و ئاستەنگەکان چین لەبەردەم پرۆژەو پرۆسەی ئەنتیگراسیونی پێکهاتەی کوردە لوڕەکان لەنێو شوناسی نەتەوەیی کوردی و بەشدار بوونیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد؟

هەرچەندە دەکرێت زۆر پرسیاری دیکەش هێنایە ئاراوە بەڵام وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەقینە بە پرسیارەکانی سەرەوە دەتوانێت ئاسۆ و پاشەڕۆژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاراستەی بڕیاری کوردە لوڕکان سەبارەد بە پرسی شوناسی نەتەوەییان ڕوونتر بکاتەوە بۆمان.

بە حوکمی ئەوەیکە پێکهاتەی کوردی لوڕ لەبواری ژیوپۆلیتیکەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ دووبەش لە قەبارەی گشتی ژیوپۆلیتیکی کوردستان و پێکهاتە سیاسیەکانی کوردستان واتە:

**یەکەم**: ڕۆژهەلاتی کوردستان و پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ئێران.

**دویەم**: باشووری کوردستان و دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەم دوو بەشە لە پێکهاتەی گشتی سیاسی - نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە پێناو کار کردن بۆ لکاندنەوەی دوبارەی کوردە لوڕەکان بە هەیکەلی نەتەوەیی کورد و وڵاتی کوردستان. هەرچەندە بەشەکانی دیکەی نەتەوەی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش دەتوانن تێبکوشن لەپێناو ڕاکێشانی کوردە لوڕەکان بەرەو نەتەوەو شوناسی کوردی بە شێوازی ناڕاستەوخۆ و بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی خۆگەیاندن وەک ڕاگەیاندنەکان و...هتد.

ئەگەر ویستێکی جددی و دڵسۆزانە ببێت لای پێشەنگ و بەڕێوەبەرانی بزاڤی نەتەوەیی کوردی ئەوا زۆر دەرفەت و مەجال هەن کە دەکرێت بە پرۆسەیەکی پلانرێژی کراو کار بگرێت لەسەر پۆتانسییەلەکانی پێکهاتەی کوردی لوڕ بۆ بەشدار کردنیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی و بڕیاردانیان لە چەشنی شوناسی نەتەوەییەوە. **بۆ وێنە تیشک دەخرێتە سەر ئەم فاکتەرو دەرفەتانەی خوارەوە:**

١- هەڵکەوت و دیموگرافی و ژیوپۆلیتکی کوردە لوڕەکان پەیوەندییەکی نەپچڕاو و ڕاستەوخۆی هەیە بە باقی دیموگرافیاو خاکی کوردستان.

٢- کولتوور و داب و نەریت و هونەر و موسیقاو زمان و زاراوەو وێژەی کوردە لوڕەکان بەشێکی سەرەکی و هاوبەشە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی نەتەوەی کورد.

٣- مێژووی دوور و درێژ و چەند هەزار ساڵەی هاوبەشی دانیشتوانی زاگروس و توروس خاڵێکی سەرەکییە بۆ پێناسەکردنی شوناسێکی هاوبەش بۆ دانیشتوانی ئەم زێدە فراوانە.

٤- هەبوونی زۆر بەڵگەنامەی مێژوویی، ڕامیاری و مرۆیی بۆ سەلماندنی شوناسی ڕاستەقینەی كوردە لوڕكان.

٥- هەبوونی هەستی برایەتی و یەكبوون و هاوڕیشە بوون لەگەڵ باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كورد لە نێو كوردە لوڕەكان.

٦- هەبوونی هزر و بیری ڕزگاریخوازی و ملكەچ نەبوونی كوردە لوڕەكان بەرانبەر بە داگیركەری ناوەكی و دەرەكی.

٧- بەشدار بوونی بەرچاوی كوردە لوڕەكان لە مێژووی سیاسی و هەنووكەیی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كوردی و دامەزراندنی زۆر ڕێكخراوەو تەنانەت حیزبی كوردی لەلایەن كەسایەتیە كوردە لوڕەكان لە وڵاتی عیراق و باشووری كوردستان و هەبوونی ویستی ناسیونالیستی و نەتەوەیی كوردی لای بەشێكی بەرچاو لە جیلی نوێ و ڕوناكبیرانی كوردی لوڕ، دەتوانێت هۆكار بێت بۆ هاندانی كوردە لوڕەكان لەپێناو لكاندنەوەیان بە هەیكەلی نەتەوەیی - جوگرافی كوردستان.

٨- دەركەوتن و لەدایك بوونی ئایینی كوردی و ڕەسەنی یاری لەنێو جوگرافیاو پێكهاتەی كوردە لوڕەكان كە ئێستاكە پەیڕەوی زۆری هەیەو وەك ئایینی كوردی دەناسرێت لەزۆر ناوچە لە هەرچواربەشی كوردستان. ئایینی یاری دەتوانێت فاكتەرێكی بەهێز بێت لە ڕاكێشانی بەشێكی زۆر لە پێكهاتەی كوردی لوڕ بۆ داوێنی شوناسی كوردی.

٩- هەبوونی پێكهاتەی كوردی لوڕ لەهەردوولای سنووری دەستكردی نێوان وڵاتی ئێران و عیراق واتە هەرلە باشووری عیراقەوە (شاری كوت) بگرە هەتا دەگاتە ناوچەكانی شارەزوور لە باشووری كوردستان و لەدیوی ڕۆژهەڵاتیش هەرلە باكووری پارێزگای خوزستانەوە هەتا دەگاتە قەسری شیرین و ناوچە سنوورییەكانی پارێزگای كرماشان لەگەڵ باشووری كوردستان، كە ئەم مەسەلەیە خاڵێكی زۆرگرینگە لە پەرەپێدانی خەباتی نەتەوەیی و پتەوكردنی پەیوەندییە سەرەكییەكان لەبواری ڕێكخستنی شوناسی كوردی لەناو پێكهاتەی كوردی لوڕ.

١٠- ئەو خاڵە هاوبەشانەی كە پێكهاتەی كوردی لوڕ هەیەتی لە هەموو بوارەكانی ژیان و زمان و كولتوور و موسیقاو هونەرو ...هتد لەگەڵ باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كورد، كوردی لوڕ نییەتی لەگەڵ هیچكام لە نەتەوەكانی دیكەی دەوروپشتی وەك؛ عەرەب، فارس، بەلووچ و... و ئەمە خۆی پیشاندەری ئەوەیە كە كوردە لوڕەكان بەشێكی ڕەسەنن لە نەتەوەی كورد.

**١٤- پێشنیارەکان:**

لەبەر ئەوەی هەڵکەوتی پێکهاتەی کورده لوڕەکان کەوتووته ناو جوگرافیاو سنووری سیاسی هەردوو وڵاتی ئێران و عیراق و باشووری کوردستان بۆیه پێشنیارەکان لەپێناو تێکوشان بۆ لکاندنەوەی ڕامیاری - نەتەوەیی - جوگرافی کورده لوڕەکان به قەبارەی گشتی نەتەوەی کوردو وڵاتی کوردستان پۆلێن دەکرێن به دوو بەشەوه که لێرەدا ئاماژەیان پێدەدرێت؛

**یەکەم:**

**پێشنیارەکان بۆ ڕێکخراوه سیاسی و مەدەنییەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

- بڕیاردانی ڕەهای فیکری و ئایدولوژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی لەسەر ئەوەیکه پێکهاتەی کوردی لوڕ و جوگرافیای ناوچه لوڕنشینەکان بەشێکی هەرەسەرەکی لەنەتەوەی کوردو وڵاتی کوردستانن و هەرچەشنه دوودڵییەک لەم بوارەدا لای خۆیان نەهێڵن.

- لەهەموو نووسراوەو بڵاوکراوەو پەرتووک و... هتد که دەنووسرێت و دەردەچێت لەسەر وڵاتی کوردستان و نەتەوەی کوردو شوناسی کوردی، ئاماژه بدرێت به کورده لوڕەکانیش.

- لەکاتی ئاماژەدان یان ناوبردنی "لوڕەکان" له وشەی "کوردی لوڕ" کەڵک وەربگیرێت هەروەک (کوردی سۆران، کوردی کرمانج، کوردی زازا، و...). بەداخەوه زۆر جار دەبینین له نووسینه فەرمی و نافەرمییەکان یان له ناو بەرهەمی نووسەرانی کورد دونووسرێت: (کورد و لوڕ)! و بەم شێوەیه به زانابوون یان به نەزانی کورده لوڕەکان جیادەکرێنەوه له نەتەوەی کورد.

- بایەخ دان به ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی - سیاسی و حیزبی کوردی لەنێو کورده لوڕەکان.

- بایەخ دان به زمان و داب و نەریت و کولتوور و هونەر و موسیقاو مێژوو و هەموو ڕەهەندەکانی هەبوونی کورده لوڕەکان له میدیای کوردی و ڕاگەیاندنه حیزبییەکان.

- خۆپاراستن له زەق کردنەوەی بابەتی ئایین زا یان دژایەتی مەزهەبی بەرانبەر به کورده لوڕەکان.

- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕووناکبیران و سیاسییەکانی کوردی لوڕ بۆ بەڕێوەبردن و بەشداری کردنیان لە هەموو بوارەکانی خەباتی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- بە پێشەنگ کردنی کورده لوڕەکان لە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی و پێش بردنی سیاسەتی نەتەوەیی کوردی.

- زۆرجار کە نەخشەی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکان یان نووسینەکان بڵاو دەبێتەوە جوگرافیای ناوچە لوڕنشینەکان لەناو نەخشەکاندا نابینرێت و دەخرێتە دەرەوی سنوورەکانی وڵاتی کوردستان.! زۆر گرینگە کە نەخشەی ژیوپولیتیک و دیموگرافیای کورده لوڕەکان لەناو نەخشەی کوردستان بێت و نەخرێتە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان.
- خۆجێیی کردن (لۆکالیزە کردنی) خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی لەنێو پێکهاتەی کورده لوڕەکان و ناوچە لوڕنشینەکاندا.

- پێویستە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەموو بەرنامەو ستراتیژی حیزبی خۆیان سەرمایەگوزاری جیددی بکەن لەسەر ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و میراتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد بگوازنەوە بۆ ناو پێکهاتەی کوردی لوڕ و بە پێچەوانە.

- پەروەردە کردنی کادیری سیاسی - حیزبی پرۆفیشنال لە پێکهاتەی کوردی لوڕ لەلایەن هێزە سیاسییەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- بایەخ دان بە کەسایەتییە ناودارەکانی مێژوویی و سەردەمی کوردی لوڕ و دانانی ناویان لەسەر شوێن و شەقام و بازنەو ... شارەکانی کوردستان.

- بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەو فیستیڤاڵ و...هتد لەسەر پێکهاتەی کوردی لوڕ.

- ئاماژەدان بە کورده لوڕەکان و پێگەو جێگەیان لەناو ستراکچەری نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان لەناو وانەکانی پەروەردەو فێرکاری لەنێو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

- نزیک بوونەوەو پەیوەندی کردن بەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هەڵقوڵاوی پێکهاتەی کورده لوڕەکانن و هەوڵدان بۆ تێکەڵ

كردنیان لە بزاڤی كوردی و داڕشتنی پیلانی هاوبەشی نەتەوەیی لەگەڵیان لەپێناو دامەزراندنی كیانی نەتەوەیی كوردی.

- تەرخان كردنی بەشێكی تایبەت لە هەموو ئورگانەكانی سیاسی و حیزبی(بەتایبەت ڕاگەیاندن) بۆ چالاكی كولتووری و ڕیكخستنی حیزبی لەنێو كوردەلوڕەكان.

**دوویەم:**

**پیشنیارەكان بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و حیزب و ڕێكخراوە سیاسی و مەدەنییەكانی باشووری كوردستان:**

- ناساندنی زیاتری پێكهاتەی كورده لوڕەكان بەخەڵكی باشووری كوردستان لەڕێگەی میدیای حكومی و حیزبی و چاپەمەنییەكان.

- بایەخ دان بە زاراوەی كوردە لوڕەكان لە ڕێگای ڕاگەیاندن و میدیای فەرمی حكومی و حیزبی لە باشووری كوردستان.

- دامەزراندنی كەناڵی ئاسمانی تایبەت و ڕادیو بۆ كوردە لوڕەكان.

- بەشداركردنی كوردە لوڕەكان لەبەڕێوەبردنی دامودەزگا حكومی و حیزبییەكان

- ڕێگەخوش كردن و ئاسانكاری ئیداری و حكومی بۆ سەرمایەگوزاری ئابووری و پیشەیی و تیجاری و...هتد كوردە لوڕەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان بە تایبەتی لە هەرێمی كوردستان و دەكرێت ئەم بابەتە لە پەرلەمانی كوردستانیش گەلاڵە بكرێت و دوای پەسەند بوونی یاساو ڕیسای بۆ دیاری بكرێت.

**تێبینی**: هەر تاكێكی كوردی لوڕ لەهەرێمی كوردستان سەرمایەگوزاری بكات لەهەر بوارێكدا خۆبەخۆ دەبێتە نوێنەرێك بۆ گواستنەوەی ڕاستییەكان لە بواری یەكبوونی شوناسی كوردە لوڕەكان لەگەڵ باقی پێكهاتەكانی نەتەوەی كورد بۆناو پێكهاتەی كوردە لوڕەكان و پەیوەندییە هەمەلایەنەكان بەم شێوەیە پتەوتر دەبێت لە نێوان كوردە لوڕەكان و باقی بەشەكانی نەتەوەی كورد.هەرچەندە ئەم سیاسەتە زۆر قازانج و دەستكەوتی دیكەشی هەیە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و دانیشتوانی باشووری كوردستان لەهەموو بوارەكاندا.

- دامەزراندنی ڕێكخراوەو ناوەندو... كولتووری و وێژەیی تایبەت بە كورده لوڕەكان.

- جێگر كردنی وانەی پەروەردەیی و زانیاری لەسەر دیموگرافی و جوگرافیای سیاسی و سروشتی كورده لوڕەكان لە قوتابخانەكاندا.
- دامەزراندنی ناوەندێكی ستراتیژی بۆ لێكۆڵینەوەو تۆماركردنی زانیاری و لێگەڕین لەسەر كورده لوڕەكان لەپێناو داڕشتنی پیلانی ستراتیژی بۆ داهاتووی كورده لوڕەكان لە چوارچێوەی شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی كوردو كوردستان.

- یەكێك لە كەم و كوڕییەكانی پێكهاتەی كوردی لوڕ لە عیراق و لەئێران كە ژمارەیان لەسەرەوەی ١٠ ملیون كەسە ئەوەیە كە لە لایەكەوە نەك توانیویانە وەك پێویست بەشداری حیزبە سیاسییەكانی كوردستان بن و نەك خۆیان حیزبێكی سیاسی كوردیان هەیە كەبتوانن وەك ناوەندێكی سیاسی خۆیان و شوناسی ڕاستەقینەیان ببیننەوە لە ناوێدا بۆیە هەمووكات پەرش و بڵاو بوونەتەوەو نەیانتوانیوە یەك بگرن. لە لایەكی دیكەوە حیزبەكانی باشوو و ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش بە زۆر هۆكاری جیاواز كەمتەرخەم بوون بە نیسبەت ڕاكێشانی كورده لوڕەكان بۆناو شوناسی نەتەوەیی كوردی و بەشدار كردنیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد. بۆیە بیركردنەوە لە پاڵپشتی و پشتیوانی كردنی كورده لوڕەكان لەپێناو دامەزراندنی حیزبێكی سیاسی - نەتەوەیی كوردی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان و هێزە سیاسییەكانی باشووری كوردستان ئەركێكی نەتەوەییەو دەتوانێت یارمەتیدەری زۆر بێت بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەو قەیرانی شوناسی كورد بوون لە نێو كورده لوڕەكان لە عیراق و لە ئێران.

- دیاری كردنی بەهر و پشكی تایبەت بۆ كورده لوڕەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان.

- دانانی ناوی كەسایەتییە بەناوبانگەكانی كوردی لوڕ لەسەر شوێنە گشتییەكان و گەڕەك و جادەو كۆڵانەكان لە شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان.

تێكوشان بۆ چارەسەر كردنی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی لە نێو كورده لوڕەكان هاندانی نەتەوەی كورده بەرەو پێكهێنانی ئاواتە بەرز و دێرینەكانی.

## كۆتایی

**سەرچاوەكان:**


- مێژووی سیاسی كۆمەڵایەتی كورده فەیلییەكان لەسەردەمی والییەكانی پشتكۆ - موراد موڕادی موقەددەم.
- شۆڕشی لوڕستان، سەید یەدولا ستوودە.
- فەرهەنگی عامەی لوڕستان، عەلی مەردان عەسكەری عالەم.
- لوڕستان لەسەردەمی قەجەرەكان، سەعادەت خودگو.
- ئاسەوارە كۆنەكانی لوڕستان، حەمید ئیزەد پەنا.
- مێژووی خەباتی خێڵی قەشقایی، دكتور مەنووچیهر كیانی.
- قەومی لوڕ لە ئاوێنەی مێژوودا، حشمەتولا ڕەحمەتی.
- شەرەفنامە: مێژووی ماڵە میرانی كورد، شەرەفخانی بەدلیسی.
- شوڕشی ئیلام، عەباس محەمەد زادە.


سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر

ڕێكەوتی: ٢ی جوزەردانی ١٣٩٣ = ٢٣ی مای ٢٠١٤

-----------------------------------------------------

**كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاكەلێوەی ٢٧٢٠ی كوردی - نەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی**